E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036 گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین Journal of University of Raparin

# جوڵانەوە سیاسی و سەربازییەکانی (سمکۆ) لە سەرەتایی دەرکەوتنی تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم(١٩٠٩-١٩١٨)

کوێستان احمد خدر[1] ، هیوا حمید شەریف[2]

[1+2] بەشی مێژو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تیشک خستنەسەر جوڵانەوە سیاسی و سەربازییەکانی (سمکۆ) لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە وەک سەرکردەیەکی ناوچەیی تا کۆتاییەکانی جەنگی جیهانی یەکەم، (سمکۆ) کوری عەلی ئاغا، بەرەچەڵەک دەگەرێتەوە سەر تیرەی پس ئاغا لە تایفەی عەبدۆیی سەر بە هۆزی شکاک. ناوبراو لەدوای مردنی باوکی و بەهۆی مێژوی بنماڵەکەی و ئەو دەسەلاتەی لەناو هۆزەکەی و ناوچەکەدا هەیانبو، بەفەرمی لەساڵی ١٩٠٩ بوە بە سەرۆکی هەڵبژێردراوی هۆزی شکاک. ناوبراو لەقۆناغی سەرەتادا دەستپێکی جوڵانەوەکەی لەسەر بنەمای توانای سەربازی و هەستی تۆڵە پەرەپێداو بە بەردەوامی لەگەڵ دەسەلاتدارانی ئێرانی لە ملمڵانێ و ناکۆکی دابوە. لەکاتێکدا ئێران بەگشتی و رۆژهەلاتی کوردستان بەتایبەتی، بەهۆی بونی رۆژئاواییەکان لە ناوچەکەداو، شۆرشی مەشروتە کە ریشەی بۆ رابردویەکی دوری فیکری و سیاسی دەگەراپەوە، بەخراپترین و دژوارترین رۆژگارەکانی مێژوی خۆی تێپەردەبو. ئەم قۆناغە بۆ (سمکۆ) سەرەتایەکی گرنگ بو بۆ دەرکەوتنی وەک هێزێکی جێگای سەرنج، تێگەیشتن لە جەنگاوەری شکاکەکان، دورکەوتنەوە لەبیری تایفەگەری و زیادبونی خواستەکانی. بێگومان بەهۆی کۆمەڵێک پێشهات و گۆرانکاری لە دەستپێک و ماوەی جەنگ دەرفەتی زیاتری بە (سمکۆ) دا بۆ بەهێزکردنی دەسەلاتەکەی، بەڵام بەگوێرەی ئەم گۆرانکاریانەو قۆناغەکانی جەنگ خاوەن هەڵوێستێکی رون و ئاشکرا نەبو بەرامبەر بە هێزە دەرەکییەکانی روسیا و دەوڵەتی عوسمانی. دیارە لەم ماوەیەدا (سمکۆ) لەچالاکی و کردەوە سیاسی و سەربازییەکانی تەنها دژ بە سیاسەتی ئێران، تورک و روس نەبو، بەڵکو کەوتە ناکۆکی لەگەڵ (بنیامین مارشەمعون)ی رابەری ئاسورییەکان کە لە ساڵی ١٩١٥ لە ناوچەی هەکاری بە پاڵپشتی روسیا رویان لە خاکی ئێران کردبو و لە ناوچە سنورییەکانی ژێردەسەلاتی (سمکۆ) جێگر بون و هەولی سەربەخۆیان دەدا، ئەمەش بوە جێگای نیگەرانی (سمکۆ)، کە دەرئەنجامەکەی کوشتنی مارشەمعونی بو، ئەمەش بێجگە لە سودگەیاندن و بەهێزبونی دوژمنی هاوبەشی هەردولایەن کە ئێران بو، هیچ ئاکامێکی بۆ کورد وئاسوریەکان نەبو

## کلیلە وشە:

جولانەوە، هۆز، کوردستان، ئێران، سەربازی، ئاسوری.

## Article Info:

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(2).Paper8
**Received:** 13-July-2021
**Accepted:** 18-August-2021
**Published:** 29-March-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
kwestan.ahmad @koyauniversity.org
Hewa.hamedshareef@koyauniversity.org
**Copyright**©2022 Journal of Raparin University.

## پێشەکی:

(سمكۆ) لەم ماوەیەی بو بە دەسەڵاتداری یەکەم لەنێو هۆزی شكاك، بەبەردەوامی لە هەوڵی پەرەسەندن و فراوانكردنی دەسەڵاتی خۆی و هۆزەکەی دابوە، ئەمەش لە سەردەمێكدا، کە دەوڵەتانی (ڕۆژئاوایی، هەرێمی و ناوچەیی) سیاسەت و ستراتیژێكی ڕون و ئاشكرایان بەرامبەر بەدۆخی كورد بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی كوردستان بەتایبەتی نەبوە و هەر لەم قۆناغەدا، هیچ ڕێبەرێكی سیاسی كورد، بەشێوەیەكی كردەكەی و چالاک لەڕوی سیاسی و سەربازی لە گۆرەپانەکە نەبو، تاوەكو ئەوەی (سمكۆ) وەک سەرۆک هۆزێكی سەربازی ڕێبەرێكی سیاسی دەسەڵات و هەژمونی خۆی لەسەر چەند بنەمایەک لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان چەسپاندوە.

هۆكاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە، دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەی واقعیانەی ئەم قۆناغە مێژوییە ساڵانی جەنگ و دوای جەنگ کە تێدا (سمكۆ) كارەكتەری سەرەكی ڕوداوەكان بو، هەروەها جوڵانەوەكەی (سمكۆ) كە بە فاكتەری سەرەكی گۆڕانكارییەكانی ئەم قۆناغەی ڕۆژهەڵاتی كوردستان دادەنرێت و سنورەكانی باكوری ڕۆژئاوایی ئێران و بەگشتی ئێرانی گرتبۆوە، (سمكۆ) لەم قۆناغەدا و دوایی ئەم قۆناغەش بۆ ڕزگاربونی لەژێر دەستەیی هەوڵی داوە گەشە بەناسنامەی خۆی لە پێناو دەستەبەركردنی مافەكانی چ لەچوارچێوەی ناوچەیەكی لۆكاڵی یاخود هەرێمی بوبێ بدات. هەر بۆیە ئاوڕلێدانەوەو هەڵسەنگاندنی ئەم باروردۆخە لە چوارچێوەی توێژینەوەیەكدا شیاوی گرنگی پێدانە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، هەوڵدانە بۆ تیشک خستنەسەر جوڵانەوە سیاسی و سەربازییەكانی (سمكۆ)، وەک سەركردەیەک لەڕۆژهەڵاتی كوردستان و، لەم ڕوانگەوە دەرخستنی ڕۆڵ و سیاسەتی ناوبراو لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەكیدا.

مێتۆدی توێژینەوە، بەشێوەیەكی زانستیانەو بەپشت بەستن بە مێتۆدی زانستی ـ مێژویی لە ڕێگای بەكارهێنانی سەرچاوە مێژوییەكان، بەشێوەی زنجیرەبەندی مێژویی و تێڕوانینێكی فیكری و زانستی هەڵسەنگاندن و شیكردنەوە بۆ زانیارییەكانی پەیوەست بەبابەتی توێژینەوە كراوە.

پێكهاتەی توێژینەوە لەژێر ناونیشانی جوڵانەوە سیاسی و سەربازییەكانی (سمكۆ) لە سەرەتایی دەركەوتنی تاكۆتایی جەنگی جیهانی یەكەم (١٩٠٩–١٩١٨). دو تەوەرەی سەرەكی لەخۆدەگرێت، تەوەرەی یەكەم، جوڵانەوەكانی تا هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەكەم دەگرێتەوە تەوەرەی دوەم: تایبەتە بەجوڵانەوەكانی لەماوەی جەنگی جیهانی یەكەم و هەڵوێست و سیاسەتی سمكۆ لەم ماوەیەدا.

لەم توێژینەوەیەدا پشت بەچەند سەرچاوەیەكی كوردی و فارسی بەستراوە، گرنگترینیان بریتین لە: (د. توحید ملک زادە دیلمقانی، (أذربایجان در جنگ جهانی اول تا فجایع جیلولوق). رحیم نیكبخت میركوهی، (سرگذشت خونین من یا سلماس در محاربه عالم سوز). مایكل ئیپیل، (نەتەوەیەک بەبێ دەوڵەت (كوردەكان لە سەرهەڵدانی ئیسلامەوە بۆ كازیوەی ناسیۆنالیزم). محمد ڕسول هاوار، (سمكو (اسماعیل ئاغای شكاک) و بزوتنەوەی

نەتەوایەتی کورد). د. خەسرەو عبدالرحیم نجم، (دروستکردنی عێراق و کارەساتی ئاشوری ١٩١٤-١٩٣٤ لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی بەریتانی و ئیتاڵی دا).

## تەوەرەی یەکەم: جوڵانەوەکانی سمکۆ لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە تا هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم:

(سمکۆ) کوڕی محەمەد ئاغای کوڕی عەلی ئاغای کوڕی ئیسماعیل ئاغایە و بەڕەچەڵەک دەگەڕێتەوە سەر تیرەی پس ئاغا لە تایفەی عەبدۆیی سەر بە هۆزی شکاک. سەبارەت بەساڵی لەدایکبونی بۆچونی جیاواز هەیە، (ابراهیم صفائی) لە کتێبەکەیدا ساڵی لەدایکبونی لە نێوان ساڵانی (١٨٨٧ -١٨٨٩) داناوە (**هاوار، ٢٠٠٥، ٥٥**). لەبەرامبەردا (جەماڵ نەبەز) (١٨٧٥)ی بە ساڵی لەدایکبونی دیاریکردوە (**نەبەز، ١٩٨٥، ١٢٤**). کەچی میسونێرێکی بەریتانی بەناوی (Mackensen) لە یاداشتەکانیدا ساڵی لەدایکبونی (سمکۆ)ی بە ١٨٨٣ لە قەڵەم داوە (**هاوار، ٢٠٠٥، ٢٥٦**). بە باوەڕی ئێمە دواین زانیاری لە زانیارییەکانی دیکە لە ڕاستیەوە نزیکە، چونکە جگە لەوەی (میسۆنێر) هاوچەرخی (سمکۆ) بوە و لەنزیکەوە بینیویەتی و دانیشتنی لەگەڵیدا هەبوە، یاداشتەکەشی دوای ماوەیەکی کەم لە چاوپێکەوتنەکەی چاپکراوە.

(سمکۆ) دوای کوژرانی جەعفەر ئاغای برای لە ساڵی ١٩٠٥ و مردنی محمد ئاغای باوکی لە ساڵی ١٩٠٩، بەفەرمی بوە بە سەرۆکی هەڵبژێردراوی هۆزی شکاک، ئەمەش سەرباری ئەوەی (سمکۆ) لەم کاتەدا لەڕوی تەمەنەوە گەنج بوە، بەڵام بەهۆی مێژوی درێژی بنەماڵەکەی ئەو دەسەڵاتەی لە ناو هۆزەکەی و ناوچەکە هەیانبوە لەناو کوردا کەسێکی ناسراو بوە و هیچ ڕێگریەک لە وەرگرتنی ئەو دەسەڵاتە نەهاتە پێشی (**عباس، ١٣٩٦، ١٠٢؛ ئەمین، ٢٠٠٧، ٤١٢**).

شایانی ئاماژەپێدانە، هەر لە ڕۆژی دەستبەکاربونی وەک سەرۆک هۆزی شکاک لە ناکۆکی و شەڕو ململانێ دابوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێرانی، بەڵام لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، گەورەترین پاڵنەر ڕۆڵی لە ڕاکێشانی (سمکۆ) بۆ ناو ئەم شەڕو ناکۆکیانە بینی، هەستی تۆڵەکردنەوە بوە، ئەم بۆچونە ئەگەر بۆ هەمو قۆناغەکانی ژیانی سیاسی و سەبازیشی ڕاست نەبێت، ئەوە گومانی تیدا نییە بۆ قۆناغەکانی سەرەتای دژایەتیەکە ڕاستە، ئەمەش لە سۆنگەی کوژرانی کەسە نزیکەکانی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانی، ئەم هەستەش لە چەندان شوێن زۆر بە ئاشکرا لەلایەن (سمکۆ)وە ئاماژەی بۆ کراوە. هەروەک کاتێک (بهرامی) گەورە نوسەری ڕەزاخان لێیپرسیوە چۆن پیاوێکی بەڕێزو ماقوڵی وەک تۆ ئەو هەمو تاوانەی ئەنجام داوە، ئایا ڕاستە یان چیرۆکە؟ (سمکۆ) لە وەڵامدا وتویەتی: "بەڵێ، ڕاستە، بەڵام بیرمەکەنەوە من پیاوکوژم، نەخێر، من بەهۆی ئەوەی مەئموری بەرێزی دەوڵەت (حوسین قولی خان نیزام و سەڵتەنە)[1]، بۆ هەشت هەزار تمەن برای منی خستە زیندان و منیش هەرشتێکی هەم بو فرۆشتم و تەنیا توانیم (٤هەزار) تمەن بەرتیلی بۆ جێبەجێ بکەم، ئەو مەئمورە بەڕێزە برای منی کوشت، بۆیە لەو ڕۆژەوە سوێندم خواردوە لە هەر شوێنێک فەرمانبەرێکی دەوڵەتی بکەوێتە دەستم بەخراپترین شێوە بیکوژم، چونکە نیزام و سەڵتەنە بەڵێنی پاراستنی جەعفەر ئاغای داو قورئانی مۆرکرد

"مۆرکردنی قورئان وەک سوێند خواردنە بە قورئان"، بەڵام لە ماڵی دەوڵەتی خۆی کوشتی"**(نوری، ١٣٥٧، جلد١، ١٣٨، ١٣٩)**. هەروەها چەند سەرچاوەیەکیش ئاماژەیان بەوە کردوە کە: "ئەو کارە نیزام و سەڵتەنەی بەدناو کرد، چونکە کوشتنی کەسێک کە بەڵێنی پاراستنی گیانی پێدرابو، بە پێچەوانەی کارێکی جوامێریان دەزانی و بەهۆی ئەو بێ بەڵێنیەش پارەیەکی زۆر سەرفکراو ژمارەیەکی زۆر خەڵک تێداچون، بەو هۆیەشەوە (سمکۆ) لە دەوڵەت یاخیبو و کێشەو نارەحەتیەکی زۆری بۆ دەوڵەت دروستکرد **(بیگدلی، ١٣٧٧، جلد ٢: ٥٤٦ ؛ الموتی،١٣٧٤، جلد١، ١١٥)**.

دیارە هەبونی هەستی تۆڵەکردنەوە لە (سمکۆ)دا لە سەرەتادا فاکتەری سەرەکی جوڵانەوەکانی بوە، جێگەی سەرسورمان نییە بەم پێیەی ناوبراو بۆتە کەسی یەکەمی هۆزەکەی و لە تەمەنێکی گەنجی دابوە، ئەوە سەرباری ئەوەی پەروەردەکراوی ژینگەیەکی تەواو داخراو لەچوارچێوەی سیستەمی هۆزایەتی دابوە، کە بابەتی تۆڵەکردنەوە، یەکێکە لەبنەما سەپێنراوەکانی عەقڵی خێڵەکی.

لەم چوارچێوەیەدا دوای کوشتنی جەعفەر ئاغای برای جوڵانەوە سیاسی و سەربازییەکانی (سمکۆ) دەستپێیکردوە، بۆ ئەمەش بەردەوام بەدوای هاوپەیمانێکدا گەڕاوە تا دژی دەوڵەتی ئێران هاوکاری بێت **(کۆچێرا، ٢٠٠٣، ٥١)**. لەڕاستیدا سەرەتای جوڵانەوەکانی (سمکۆ) لە ناوچەکە لە کاتێکدایە کە بارودۆخی ئێران بەخراپترین و دژوارترین ڕۆژگارەکانی مێژوی خۆی تێپەڕبوە **(شعبانی،١٣٨٠، ٥٨١)**. ئەمەش لەم سۆنگەیەی دەسەڵاتی ناوەندی ئێران هەر لەساڵانی نێوان ١٩٠٦-١٩١٤ز بە تەواوی لاوازببو، لەلایەک بە ململانێی نێوان هێزی شۆرشی مەشرووتەخوازان و نەیارانی شۆڕشەکە گەمارۆدرابو، لەلایەکی دیکەوە هەر لەو ماوەیەدا بەریتانیاو ڕوسیا وەک دو هێزی سەرەکی ڕۆژئاوا لەناوچەکە بونیان هەبو و بێجگەلەوەش دەوڵەتی عوسمانی ترسی هەبو ڕوسیا ئێران داگیربکات، بۆ ئەو مەبەستە هەوڵی دەدا ڕوسیا لەڕێگەی سەربازی لەناوچەکە بوەستێنیت و هۆزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆلای خۆی ڕابکێشێت **(ئیپیل،٢٠٢٠، ٢٢٧)**.

بێگومان ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کە بەشێک بوە لە دەوڵەتی ئێران لەم ڕۆژگارە خراپە بێ بەش نەبو، چونکە لەساڵی ١٩٠٦وە لەشکری عوسمانی زۆربەی ناوچەکانی بەتایبەتی ناوچەکانی ئازەربایجان و بەشێکی گرنگی ناوچە کوردنشینەکانی ئەو پارێزگایەی خستبوە ژێر دەسەڵاتی خۆی. هەرچەندە کۆنتڕۆڵی تەواوی بەسەر ئەو ناوچانە نەبو، بەڵام تاساڵی ١٩١١ تێیدا مایەوە تا ئەوکاتەی لەوساڵەدا لەلایەن ڕوسەکان دەرکران **(برونسن،٢٠٠٩، ٣٠)**.

ئەمە جگەلەوەی شۆڕشی مەشرووتە لەساڵانی (١٩٠٦-١٩١١) لەئێران ڕویدا و ئەم شۆڕشە کە یەکێکە لەڕوداوە گرینگەکانی مێژویی نوێی ئێران ڕوداوێکی لەپڕو لەناکاو نەبو و لەخۆڕا هەڵنەقوڵا، بەڵکو ڕیشەی لە ڕابردویەکی دوری فیکری و سیاسیدا هەبو و ژمارەیەک هۆکار دەستیان و دەستی یەکتردا تا ببنە سەرچاوەی ئەو ئاڵوگۆڕە مەزنە **(بازیار،١٣٨١، ١٠)**، کە ئەم شۆڕشە لە ئێران دەرهاویشتەی دو فاکتەری بنەڕەتی بو وەک خراپ بەکارهێنانی حوکمکردن و سیستەمی سیاسی و ئابوریی و نارەزایەتی توندی کۆمەڵانی خەڵک لە زوڵم و زۆرداری و بێ توانایی لەلایەن پاشایانی قاجار**(ابراهامیان،١٣٨٩: ٨٤)**و نیگەران بونی ئێرانییەکان بەشێوەیەکی

گشتی لە ڕەوشی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لەسەردەمی بنەماڵەی قاجاردا؛ پەیوەندی بەردەوام لە نێوان ئێران و ئەوروپاو دزەپێکردنی بیرو هزری نوێ لەئەوروپا بۆ وڵاتی ئێران، کە ئامانج لە شۆڕشی مەشروتە پێویستی گواستنەوەی دەسەڵات لەڕژێمی پاشایەتی بۆ ڕژێمێکی پاشایەتی دەستوری بو (**ادمیت، ١٣٤٠، ٢١**). ئەوەی پشتگیری ئەو شۆڕشەی دەکرد زیاتر کەسانی بازرگانان و پیاوانی ئاینی و چینی ڕوناکبیرانی لایەنگری ڕۆژئاوابون، کە بەردەوام بیرۆکەی دیموکراسیان لە مێشکدا بو، بەجۆرێک پشتیوانیان لەو بیرۆکەیەیان دەکرد وەک ئەوەی ئێرانی مەشرۆتە دەتوانێت بەشێوەیەکی کتوپڕ بگات بە ئاستی وڵاتانی ڕۆژئاوایی (**ژان پیر،١٣٧٧، ٣٨**).

شایانی ئاماژە بۆ کردنە ژمارەیەکی کەمی کوردە شارنشینەکانیش پاڵپشتی شۆڕشی مەشرۆتەیان کرد[٢]، بەڵام کوردە خێڵەکییەکان کە ژمارەی زۆرینەی دانیشتوانی ئەوکاتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان پێکدەهێنا، بەشێکیان لەبەرەی دژە شۆڕش بون، بەڵام بەشی زۆریان بەهۆی شڵەژاوی و پاشاگەردانی لە ناوچەکەو، لاوازی دەوڵەتی قاجاری (**ئیپێل،٢٠٢٠، ٢٢٧**) ئاڵای یاخیبونیان هەڵکردبو بەگوێرەی بەڵگەنامەیەک کە لە ٢٨ی ئابی ساڵی ١٩٠٨ لە ڕۆژنامەیەکی ئەمریکیدا و چاپ و بڵاوکراوەتەوە باسی لە ڕۆڵی کوردەکانی ڕۆژهەڵات کردوە، کە بەشداربون لە بزوتنەوەی مەشروتەخوازان، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کردوە هۆزەکان لە کوردستان لەژێر ڕێبەرایەتی مەشروتەخوازەکان ئاڵای یاخیبونیان هەڵکردوەو هەڕەشەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیان کردوە (**سەردەشتی، ٢٠١٩، ب٢، ١٣٦، ١٣٧**).

وەک دەردەکەوێت (سمکۆ)ش کە یەکێک لەو سەرۆک هۆزانە بو، کە لەسەرەتادا دژی شۆڕشی مەشروتە هەڵوێستی وەرگرتوە (**هاوار، ٢٠٠٥،٢٩٧**). لەڕاستیدا خاڵی لاوازی (سمکۆ) لەم وێستگەی ژیانیدا ئەوەبو، بێ ئەوەی کەس داوای لێکردبێت یاخود ڕێکەوتنێک لە نێوان خۆی و دەوڵەتی ئێراندا هەبێت، (**شکاک،٢٠١٣، ٢٤**) هەروەک لە سەرچاوەکان ئاماژەی پێدەدەن، لەساڵی ١٩٠٧ لەشەڕێک بەناوی (سوکمن ئاباد) بەنزیکەی ٣٠٠ سوارەوە چوتە پاڵ هێزەکانی (ئیقباڵ سەڵتەنە)ی حاکمی ماکۆ[٣] و بەشداری شەڕی کردوە (**برونسن، ٢٠٠٩، ٣٢**)، هێزەکانی (سمکۆ) و هێزەکانی ماکۆ لە شەڕەکانیان، بەتایبەتی لە خوی و سەڵماس زیانی قورسیان بە خۆبەخشەکان گەیاندوە (**کسروی،٢٥٣٧، جلد٢، ٨٦٢**)، بەمەش حیدرعمو ئوغلی[٤] ناچاربو بۆ ئاشتی و دەستی کردوە بە نامەگۆڕینەوە لەگەڵ ئیقبال سەڵتەنەو سەرکردەکانی کورد، کارێک کە هیچ ئەنجامێکی نەبو (**کسروی،٢٥٣٧، جلد٢، ٩٢٨**). لە پاداشتی ئەو هەڵوێستەی (سمکۆ) کراوە بە بەڕێوەبەری ناحیەی قوتور[٥] (**نایب پور، ١٣٩٤، ٧**)، بێجگەلەوەش (سمکۆ) لەم شەڕەیدا لەگەڵ مەشروتەخوازەکان وەک هێزێکی جێگای سەرنج دەرکەوت؛ جەنگاوەری شکاکەکان زیاتر ناسران و پارەو چەکی زۆریان بەدەستهێنا، هەروەها تاڕادەیەک دورکەوتنەوە لەچوارچێوەیەکی تەسکی تایفەگەری و خواستە خۆبەزلزانییەکانی زیادبون (**نایب پور،١٣٩٤، ٨**). هەر لەو بارەیەوە نوسەر عبدالقادر شکاک نوسیویەتی: "ئەم بەشداریکردنەی (سمکۆ) ڕەنگە زیاتر بۆ خۆدەرخستن بێت و تا بەخەڵکی ڕۆژهەڵاتی کورستان نیشان بدات، من دەتوانم سەرکردایەتی گەورەی هۆزی شکاک بکەم (**شکاک، ٢٠١٣، ٢٤**).

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە هەڵوێستی (سمكۆ) لەسەروبەندی ئەم ڕوداوە و پێویستە ئاماژەی بۆ بكرێت ئەوەیە، كاتێك ناوبراو هاوشانی دەسەلاتدارانی ئێرانی بەشداربوە لە سەركوتكردنی مەشرِوتەخوازان، ماوەیەكی زۆر تێپەرنەبوە بەسەر كوژرانی (جەعفەر ئاغای) برای ئەگەر بەپێی لۆژیكی سیاسەت بوایە، پێویست بو (سمكۆ) دژی دەسەلاتدارانی ئێرانی دەست بەكاربوایە، بەلام هەڵوێستەكانی پێچەوانەی ئەم لۆژیكەبون، پێدەچێت هۆكاری ئەمەش بۆ ئەو ئامانجانە گەڕابێتەوە، كە مەشرِوتەخوازان هەوڵیان بۆ دەدا، چونكە بەردەوام بیرۆكەی دیموكراسیان لە مێشكدا بو، بەجۆرێك ئێرانی مەشرِوتە بەزویی بگات بەئاستی وڵاتانی ڕۆژئاوایی، بێگومان ئەمەش كاریگەری لەسەر لاوازكردنی دەسەلاتی سەرۆك هۆزەكان بەگشتی دەبو.

لێرەدا دەكرێت بگوترێت كە "كورد بەگشتی هەڵوێستێكی یەكدەستی بەرانبەر بەشۆڕشی مەشرِوتە نەبو، ئەگەر لە چەند شارێكی كوردستان بۆ پشتگیری لەمەشرِوتە چەندین ئەنجومەن دامەزرابن، پێچەوانەی ئەوەش چەندین كەسایەتی كوردیش وەك (سمكۆ) و چەندین گەورە پیاوی ئاینی و سەرۆك هۆزیش لە دژی مەشرِوتە وەستان، مەشرِوتە بەپێی خەسڵەتی خۆی زۆرتر شۆڕشێكی شاری بو، لەڕاستیدا پێگەی شارو چینی بازرگان و مام ناوەند بو، بەلام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە زۆرینەی دانیشتوانی كوردستان ئەو سەردەمە لە دێهات دەژیان و هەروەها بە سەرنجدان بە تانوپۆی هۆزایەتی و دەرەبەگایەتی ئەوكاتی كوردستان و لاوازی چینی بازرگان و دەورونەخشی لاوازی شار لەسەر شانۆی سیاسی كوردستان، دەبێت ئەو چاوەڕوانییە هەبێت كە مەشرِوتە نەتوانێ پێگەی بەهێزی لە ڕۆژهەلاتی كوردستان مسۆگەر بكات. بە تایبەت كە دەرەبەگەكان پشتی بنەماڵەی (شا)یان گرت و وەك پارێزەری سیستەمێكی فیوداڵی و سەرۆك هۆزەكانیش مانەوەی حوكمی خۆجێیەكانیان بەباشتر دەزانی و بەگشتی بەرژەوەندی خۆیان بەلاوە گرنگ بو. هەروەك لە ڕەوتی ڕوداوەكانی شۆڕش بینیمان چۆن كوردستان بەهۆی (سالار دەولە) برای (محەمەد عەلی شا) بو بەپێگەیەكی مەترسیدار بۆ مەشرِوتە كاتێك كە سەرۆك هۆزەكان و پیاوانی ئاینی لە دەوری سالار دەولە كۆبونەوە"**(بازیار، ٢٠٠٩، ٧٥)**.

هاوكات لەگەڵ ئەم ڕوداوانە پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بكرێت لە ساڵەكانی بزاڤی مەشروتەخوازیدا بەشێكی زۆری ڕۆژهەلاتی كوردستان بەتایبەت ناوچەی ورمێ و موكریان توشی پەلاماری سوپای دەوڵەتی عوسمانی هاتبون، عوسمانییەكان پەنایان بۆ هەمو ڕێگایەك برد تا دەسەلاتی خۆیان فراوان بكەن و پارێزگاری لەمانەوەی خۆیان بكەن هەر بۆیە هەوڵیاندا سەرۆك هۆزو هۆزە كوردییەكان بۆ لای خۆیان ڕابكێشن **(سەردەشتی، ١٩٩٩، ٢٦)**. لەلایەكی دیكەوە بەهۆی ئەو ئاڵۆزی و نادڵنیایەی لەئێراندا هەبو؛ مەترسی زیاتری داگیركاری عوسمانی ژمارەیەكی زۆر لە سەرۆك هۆزەكان هەوڵیاندا پەیوەندییەكانیان لەگەڵ ڕوسیادا بەهێز بكەن **(ئیپیل،٢٢٨،٢٠٢٠)**.

وەك ئاماژەی بۆكرا (سمكۆ) لەم بارودۆخەدا دەسەلات و پێگەی بەرزبۆوەو بو بە سەرۆكی ئەو هەرێمە فراوانەی ڕۆژهەلاتی كوردستان كە سنورەكەی بریتیبو لە: باشوری ڕۆژئاوای شاری خۆی، ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ نزیك سنوری شاری بانە لە باشور. هەروەها بەوە ناسراوە كە ناچێتە ژێر ڕكێفی هیچ

حکومەتێک (**ئیپیل**،٢٠٢٠، ٢٢٨). لەم بارەوە ڕوحانی وتویەتی: "ناوبراو لە ئەنجامی سودوەرگرتن لە لاوازی دەسەلاتی ناوەندو پالپشتی ڕوسەکان زۆر بەخێرایی بو بەکێشەیەکی گەورە بۆ دەولەتی ناوەندی" (**ڕوحانی، ١٣٨٢، جلد٣، ٤٨٧**).

وەک دەردەکەوێت لەسالی ١٩٠٨ تا سەرهەلدانی جەنگی جیهانی یەکەم بەتێپەربونی کات، سەرۆک هۆزەکان پەیوەندییان بە ڕوسیاوە کردوە، ئەمەش لە کاتێک دابو کە پێشوتر زۆرینەی کوردەکان لە دەولەتی عوسمانیەوە نزیکبون، ئەم هەلوێستەشیان لەم گۆشەنیگایەوە سەرچاوەی گرتبو کە پێیانوابو دەولەتی عوسمانی نزیکە لە هەلوەشاندنەوە (**ئیپیل**،٢٠٢٠، ٢٣١)، بۆیە گروپێک لەم سەرۆک هۆزانە پەیوەندیان بە کونسولی ڕوسیاوە لە ورمێ کردو داوایان کرد ڕایەلەیەک لە جێگیری کونسولەکان لەتەواوی ناوچەکە دابمەزرێنێت، کە مەبەست ڕێگریکردن بو لە هێرشکاری عوسمانییەکان. دیارترین ئەو سەرۆک هۆزانەی پەیوەندییان بە کونسولی ڕوسیاوە کرد (سمکۆ) بو، کە پێگەی هۆزەکەی و دەسەلاتی ناوبراو بەهۆی داگیرکاری عوسمانییەکان لە سالی (١٩٠٦)ەوە کەوتبوە ژێر هەڕەشەو مەترسیەوە (**ئیپیل**،٢٠٢٠، ٢٣٥، ٢٣٦)

هەر لەو چوارچێوەیەدا ئەفراسیاو هەورامی بەپشت بەستن بە بەلگەنامە ڕوسەکان وای خستۆتەڕو کە دەسەلاتی ناوەندی ئێران لەژێر فشاری ڕوسەکان پەیمان[٦] لەگەل (سمکۆ) بەستوە و بەگوێرەی ئەم پەیمانە ناوچەی قوتورو چالی دیلمان (مەبەست لای سەلماسە)و سۆماو برادۆست دراوەتە (سمکۆ) (**هەورامی، ٢٠٠٦، ٨٩**). هۆکاری ئەم هەلوێستەی ڕوسیا بەرامبەر (سمکۆ) بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە، وەک کونسولەکانی ڕوسیا لەسالی ١٩١٠ باسی لە شەڕە قورسەکانی (سمکۆ) لەگەل تورکەکان کردوە، هەروەها کونسول و دیپلۆماتەکان دان بەوە دادەنێن، کە (سمکۆ) نەیهێشتوە تورک لە ڕۆژهەلاتی کوردستان جێگیربن، ئەوەش ناشارنەوە کە نزیکایەتی کورد و ڕوسیا هەمیشە تورکەکانی نیگەران کردوە و تەواوی ڕاپۆرتەکانی کۆتایی سالی ١٩١١و ١٩١٢نیشانی دەدەن، کە کوردەکان ڕۆژبەڕۆژ لە تورک دورکەوتونەتەوە لایەنگری ڕوسیایان کردوە و ئامادەبون یارمەتیان بدەن بەتایبەت (سمکۆ) و سەید تەهای نەهری (**هەورامی، ٢٠٠٦،٣٧٤**).

ئەوەی لەو پێشهاتانە دەردەکەوێت لاوازی کۆنترۆلی ئێرانییەکان و ڕوسەکانە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کە ئەمەش بۆشاییەکی سیاسی و سەربازی لەم ناوچانە دروستکردبو کە لەلایەن (سمکۆ)وە سودی لێوەرگیراوە بۆئەوەی پێگەی خۆی تێدا بەهێز بکات و سنوری دەسەلاتەکەی فراوان بکات، بەلام کارەکانی سروشتێکی تەواو هۆزایەتیان هەبوە (**ئیپیل**،٢٠٢٠، ٢٢٩)، کە بەشێک لە کوردەکان و ئازەرییەکان و ئاسورییەکانی دەڤەری ورمێ لەلایەن هێزەکەی (سمکۆ)وە سەرکوت و تالانکران، چونکە پێیان وابو دواتر ئەوانەو ڕێبەرەکانیان دەبن بەڕکابەریان (**ڕومانو**،١٣٨٨، ١٠٤).

لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە لەو سەروبەندەدا (سمکۆ) جگەلە جولانەوە سیاسی و سەربازییەکانی گرنگی بە بوارەکانی ڕۆشنبیری و ڕێکخراوەیی داوە، کە ئەمەش ڕێگەخۆشکەرو یارمەتیدەربو تا جولانەوەکانی لە چالاکی هۆزایەتیەوە بەرەو خەباتی نەتەوەیی ببات، بەلام نابێت ئاماژە بۆ ئەوە نەکرێت کە

ئەم هەنگاوانەی (سمكۆ)، ئەنجامدانەكەی تەنیا بۆ خۆی ناگەڕێتەوە، بەڵكو كەسانی ڕۆشنبیرو خاوەن ئەزمون هاوكاری بون و بیرۆكەكانیان خستۆتەڕو كە هەندێك لەم چالاكیانە گەڕاوەتەوە بۆ پێش هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەكەم كاتێك هاوشان لەگەڵ (عبدالررزاق بەدرخان)[٧] چەند چالاكییەكیان لەم بوارەدا ئەنجام داوە، ئەمەش دوای ئەوەی ناوبراو لە ماوەی ساڵانی ١٩١٢-١٩١٤ز هاتبوە (ورمێ) و داوای لە (سمكۆ) كرد بەیەكەوە و بەهاوپەیمانیەتی لەگەڵ ڕوسەكان دژی دەوڵەتی عوسمانی كاربكەن (**عەلی**، ٢٠١٠، ٤٠٨). هەروەک لە پێشوتریشدا باسكرا كە لەو كاتەشدا (سمكۆ) ڕق و تورەیی جەعفەر ئاغای برای هەر لە دڵ دابوەو بە دوای هاوپەیمانێكدا دەگەڕا دژی ئێرانییەكان بێت(**كۆچێرا**، ٢٠٠٣،٥١).

بەم شێوەیە پەیوەندییەكانی نێوان (سمكۆ)و عبدالرزاق بەدرخان بەجۆرێک بەرەو پێشچو، ساڵی ١٩١٣ز لەشاری خۆی كۆمەڵەیەكی ڕۆشنبیریان بەناوی (كۆمەڵەی جیهاندانی) دامەزراندو (سمكۆ) بەتەواوی پشتگیری ئامانجە سیاسی و كلتورییەكانی عبدالرزاق بەدرخانی كرد هەر بۆیە ئەو كۆمەڵەیە بەهەوڵ و تەقەلای هەردوكیان دامەزرێندرا(**عەلی**، ٢٠٠٤، ١٩١، ١٩٢). هەنگاوی هەرە گەورەی ئەو كۆمەڵەیە بریتیبو لە كردنەوەی یەكەم قوتابخانەی كوردی لە شاری خوی[٨]، كە بەپارەی كۆكراوەی خەڵكی ناوچەكە و بەپشتگیری (چێركۆف) كونسولی ڕوسیا دامەزرا و بەفەرمی لە ١٩١٣/١٠/٢٧ز بەڕوی خوێندكارانی كورد كرایەوە، یەكەم قوتابخانە بوە بەزمانی كوردی وانەی تێدا بخوێندرێت(**شكاك**، ٢٠٢٠، ١٣٢)، هەر بەم بۆنەوە ڕێورەسمێک پێكهات، لەو ڕێورەسمەدا عبدالرزاق بەدرخان و(سمكۆ) وتاریان پێشكەشكرد و بەگەرمی سوپاسی هاوكاری ڕوسیایان كرد. دواجار بەهۆی كێشەی دارایی، كۆمەڵەكە بەرەو لاوازی چو، لەساڵانی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەكەمشدا بەیەكجاری چالاكیەكانی كۆتایی پێهات(**عەلی**، ٢٠٠٤، ١٩١، ١٩٢).

جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوەش بكرێت ئەم هەوڵدانەی (سمكۆ) و عبدالرزاق بەدرخان لە قوڵبونەوەی هەستی نەتەوەیی و گەشەكردنی ڕۆشنبیری كوردیدا ڕۆڵی هەبوە، چونكە دوای ئەوكات هەتا كۆتایی دەسەڵاتی ڕەزاشاش لە ساڵی ١٩٤١ كە هەلومەرجێكی نوێ لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا دەستپێكرد، جگە لەم نمونەی سەرەوە، كە نەیتوانیوە بەردەوام و درێژخایەن بێت، هەوڵێكی دیكە بۆ پێكهێنانی خوێندن بە زمانی كوردی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان بەدی ناكرێت(**ئەحمەد**، ٢٠١٠، ٣٤).

هەرلەم قۆناغەداو بەدیاریكراوی ساڵی ١٩١٣ عبدالرزاق بەدرخان بەپاڵپشتی (سمكۆ) ڕۆژنامەیەكی بەزمانی كوردی دەركردوە (**ئیپێل**،٢٠٢٠، ٢٢٩). بەناوی (كوردستان) وەک دەردەكەوێت ڕۆژنامەكە، ڕۆژنامەیەكی سیاسی بوە بە هەردو زمانی توركی و كوردی چاپ و بڵاوبۆتەوە و بە شێوەی مانگانە بوە كە هەردوكیان بەڕێوەبەری ڕۆژنامەكە بون(**ولدبیگی**، ١٣٧٦، ٢) بەڵام دواتر عبدالرزاق بەدرخان لەلایەن حكومەتی ڕوسیا دەستگیركراو دورخرایەوە ڕۆژنامەكە پەكیكەوتوە (**توفیق**، ٢٠٠٧، ١١).

## تەوەرەی دوەم: جوڵانەوەکانی سمکۆ لەماوەی جەنگی جیهانی یەکەم

لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی جیهانی یەکەم، کۆمەڵێک پێشهات و گۆڕانکاری سەریانهەڵدا، کە لاوازبونی هەردو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی لێکەوتەوە، بەمەش عوسمانییەکان چیتر ئەو دەسەڵاتەیان نەما، ئێران وەک گۆرەپانی هێنان و بردنی سوپاکەیان بەکاربێنن. هاوکات دەوڵەتی ئێران کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر خاکی وڵاتدا نەبو بەتایبەت ئەو هەرێم و ناوچانەی لە پایتەخت دوربون، بە دیاریکراویش ئەو ناوچانەی کەوتبونە ناوچە سنورییەکان[٩] (**ڕومانو، ٢٠٢٠، ٤٦٥**).

ئەم دۆخە تازەیە دەرفەتی زیاتری بە (سمکۆ)دا بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەی، بۆ ئەمەش بەهاوکاری ڕوسیا دەستی بەسەر ناوچە کوردییەکانی باکوری ئێران و ناوچەکانی سەرسنوری تورکیادا گرت، هەروەها چەک و تەقەمەنیەکی زۆری دەستکەوت (**مەلا سەعید، ٢٠١٦، ١٢٨**). بۆ جەختکردنەوەی زیاتر کە (سمکۆ) لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی جیهانی یەکەم هاوکارو یارمەتیدەر بوە لەگەڵ ڕوسەکان، نوسەرێکی ئێرانی بەڕەگەز تورک ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە، کە (سمکۆ) و بنەماڵەکەی چاوساغی ڕوسەکان بون (**تمدن، ١٣٥٠، ٣٣٤**).

شایانی باسکردنە سەربارى ئەو هاوپەیمانیەی پێشوتر لە نێوانیشیاندا هەبو، کەچی هێزەکانیان بەرامبەر هێرشی سوپای عوسمانی ڕوبەڕوی شکستبونەوە، ئەمەش وەک ڕۆژنامەیەکی فەرەنسی ئاماژەی پێداوە، شەڕەکە لە ١٢ی کانونی یەکەمی ١٩١٤ ڕویداوە و بەسەرکەوتنی سوپای عوسمانی کۆتاییهات و هێزێکی گەورەشی بۆ پەلاماردانی (سمکۆ) ڕەوانەی چەهریق کردوە(**سەردەشتی، ٢٠٢٠، ب٥، ٦٢٥-٦٢٦**).

ئەم هەڵوێستەش چاوەڕوانکراو بوە، چونکە کاتێک هێزەکانی عوسمانی لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩١٤ لەناوچەکانی باتوم و قارس جێگیربون و چونە ناو خاکی ئازەربایجان وبەرەو (نەخچەوان و خۆی) هێرشیان کرد. جگە لە هێزەکانیان پشتیان بەهێزی لایەنگرەکانیان لە ئازەربایجان بەستوە؛ لە بەرامبەردا (سمکۆ) و تیمور ئاغای کۆنە شاریش هاوکاری ڕوسەکانیان کردوە و حاکمی ئازەربایجانیش (صمدخانی شجاع الدوله) لەژێر فەرمانی ڕوسەکان دابو. هۆکاری ئەمەش هەروەک عوسمانیەکانیش لە پێشتردا پێشبینیان کردبو بۆ مامەڵەی جیاوازی هەریەک لە ڕوسیاو عوسمانییەکان بەرامبەریان گەڕاوەتەوە، ئەوەتا کاتیک دو ئەفسەری عوسمانی (یوزباشی عەبدوڵڵا ئەفەندی و یحیی چاوشی) لە ٢٨ی تموز ١٩١٤ لەلایەن هێزەکانی (سمکۆ) گیراون و بۆ لای (سمکۆ) براون، (سمکۆ) بە عەبدوڵڵا ئەفەندی وتوە: "ئێوە کافرو بێ دینن و بێ حورمەتیتان بە ئێمە کردوەوماڵی (سەید تەها)تان بە تۆپ وێرانکرد، بەڵام ڕوسەکان ڕێزمان دەگرن و پلەو پۆستمان پێدەدەن و نوسینگەمان بۆ دەکەنەوە، بۆیە کاتی ڕزگاربونی کوردەکانە لە دەست ئێوەی زاڵم... هەروەها ئەگەر ڕوبەڕوی ڕوسەکان ببنەوە بەتەواویی هۆزەکەم هێزەکانتان پەرتەوازە دەکەم" ( **دیلمقانی، ١٣٨٥، ١٤، ١٥**).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، ئەو نزیکبونەوەو هاریکاریەی نێوان (سمکۆ)و ڕوسەکان تا سەر نەبوە، بەڵکو دوای کەمتر لە ساڵێک پەیوەندییەکانی نێوانیان گۆڕانکاری بەسەر داهاتوە، لە شوباتی ساڵی ١٩١٥

چۆتە بەرەی عوسمانییەکان و دژی هێزەکانی ڕوسیا جەنگاوە، بەم شێوەیە گرنگترین هاوپەیمانی ڕوسەکان لە ئازەربایجان ئاڕاستەکەی بەرەو لای عوسمانییەکان گۆڕاوە (**دیلمقانی، ١٣٨٥، ٢٤؛ تمدن، ١٣٥٠،٣٣٤**).

بۆ دەرخستنی زیاتری هەڵوێستی (سمکۆ) لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەم ڕۆژنامەیەکی فەرەنسی لەساڵی ١٩١٥ بابەتێکی لەژێر ناونیشانی هەواڵە دەرەکییەکان بڵاوکردۆتەوە، هەڵوێستەکانی ناوبراو لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەم زیاتر ڕوندەکاتەوە، کە تێدا باسی (سمکۆ)ی وەک سەرۆکی هاوپەیمانی هۆزی شکاک کردووەو بەسەرکەوتن و شکستی شەڕکەرەکان لە ناوچەکەو بەگوێرەی قۆناغەکانی جەنگ هەڵوێستی جیاوازی گرتۆتەبەرو بەرەکانی خۆی گۆڕیوە، هەربۆیە لەسەرەتای جەنگ پشتگیری ڕوسەکان بوە، بەڵام کاتێک عوسمانییەکان گەیشتنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەتا تەورێزو ناوچەکانی باکوری ئێران ڕۆیشتن و ڕوسەکان کشانەوە، (سمکۆ) بەرەی ڕوسەکانی جێهێشتووە پاڵی بە عوسمانیەکانەوەدا (**سەردەشتی، ٢٠٢٠، ب٦، ٦٧٤-٦٧٥**)

نایب پورو کۆمەڵێ نوسەری تریش کە پشتیان بەبەڵگەنامەیەکی وەزارەتی دەرەوە ئێران بەستوە، لەم بارەیەوە نوسیویانە:" شوێنکەوتنی بەردەوامی (سمکۆ) لەگەڵ هێزە گەورەکانی ڕوسیاو دەوڵەتی عوسمانی لەلایەکەوە بەهۆی بەرژەوەندییەکانی ناوبراو، لەلایەکی تریش لە ڕوی ناچاری بوە، هەروەک دەبینرێت بەهیچ شێوەیەک (سمکۆ) نەیدەتوانی لە نێوان ڕوسەکان و عوسمانیەکاندا بێلایەن بێت، بۆ نمونە تا بەر لەهاتنی هێزەکانی ڕوس بۆ ئێران عوسمانییەکان زۆربەی ناوچەکانی سنوریان وەک (خویی و سەلماس و ورمێ) داگیرکرد بو (**نایب پور، ١٣٩٤، ٨، ٩**).

هەر لەم چوارچێوەیەدا و بەپێی بەڵگەنامەیەکی ڕوسیا کە ڕاپۆرتێکی کونسوڵەکەیانە لە ئەنقەرە، هۆکاری سیاسەتی نارونی (سمکۆ)ی کە جارێک لەگەڵ ڕوسەکان و جارێک لەگەڵ عوسمانییەکان بوە، بەمشێوەیە خستۆیەتەڕو: "کە جەنگی جیهانی یەکەم دەستپێکرد (سمکۆ) لەگەڵ عبدالرزاق بەدرخان دژی تورکەکان دەجەنگی و پەیوەندی ئێمە لەگەڵ (سمکۆ) بەهۆی (ژەنراڵ جیرنەزۆپۆڤ) باشبو، تەنانەت جارێک کە هێزەکانمان لەلایەن هێزەکانی تورکیاوە گەمارۆ دەدرێن، (سمکۆ) یارمەتی هێزەکانمانی داوە، هەروەها هاوینی ساڵی ١٩١٥ لە هاتنی سەرۆکی هێزی تورکەکان (خەلیل پاشا) بۆ ناو خاکی ئێران ئاگادارمان دەکاتەوە، بەڵام ئێمە باوەڕمان پێنەکردو لێیدورکەوتینەوەو شاری (خویی)مان چۆڵ کرد، ئەوکات فەرماندەی ڕوسەکان ئەوەی بۆ لە (سمکۆ) شاردبۆوە نازانم؟ (سمکۆ) نەیدەویست شاری خۆیی چۆڵ بکات، بەڵام دوای ئەوەی هەستی بە مەترسی کردو داوای لە ژەنراڵی ڕوسەکان کرد لە گواستنەوەی شتە بەنرخەکان و ژن و منداڵەکانی هاوکاری بکەن، بەڵام هاوکاری ناکەن و پێدەڵێن ئێمە کەرەستەی گواستنەوەمان نییە بۆ خۆت ئەو کارە بکە، هەرچەندە (سمکۆ) مایەوە و هەروەها بۆخۆی دژی ڕوسەکان لەگەڵ تورکەکان شەڕی نەکردوە، بەڵام چەکدارەکانی کردبویان" (**هەورامی، ٢٠٠٦، ٨٩**).

بەپێی ئەو بەڵگەنامەیە بێت کە جێگای پشت پێبەستنە، چونکە لەلایەن خودی کاربەدەستێکی ڕوسیاوە نوسراوەو دان بەوە دادەنێت کە هەڵوێستی نارونی لەگۆڕینی سەنگەری شەڕکردنی لە کاتی جەنگی جیهانی

یەکەم بۆ بێبەڵێنی و جێبەجێ نەکردنی بنەماکانی هاوپەیمانی بوە لەلایەن ڕوسەکانەوە، وەک ئاماژەی بۆ کردوە لەناکاو بەبێ پرس پاشەکشەیان کردوە و بە تەنیا لە گۆڕەپان بەجێیان هێشتوە.

یەکێکی دیکە لەگرنگترین ئەو ڕوداوانەی لەماوەی جەنگی جیهانی یەکەم و بە دیاریکراوی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٥ڕووبەڕوی (سمکۆ) بۆوە، بە دیل گیرانی بو لەلایەن هێزە سەربازییەکانی ڕوسیاوە، ئەمەش دوای ئەو شەڕە قورسەی لە ناوچەی (قەرەگوران و ساری قامیش) لەنێوان هەردو سوپای عوسمانی و ڕوسیا ڕویداو بەسەرکەوتنی ڕوسەکان کۆتایی هات، دوای دەستگیرکردنی ڕەوانەی تەفلیس کراو ماوەیەک لەوێ مایەوە(**میرکوهی، ١٣٨٣، ١٤٣ ؛ سەردەشتی، ٢٠٢٠، ب٦، ٦٧٥**)، بەڵام بە هۆی نارەزایەتی دەربڕین لەلایەن هۆزەکانی دەوروبەری ورمێ و لە ترسی دژایەتی کردنیان و ئامادەنەبونیان بۆ هاوکاری ڕوسەکان لە ساڵی ١٩١٦ بڕیاری ئازادکردن و گەڕانەوەی (سمکۆ) بۆ ئێران درا[١٠] دوای ئەوە (سمکۆ) هیچ جوڵانەوەیەک تا ئەو کاتەی لەناوخۆی ڕوسیا شۆرشی بەلشەڤیەکان[١١] سەریهەڵداو پاشەکشەی هێزەکانی ڕوسیا لە ناوچەکە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٧ لیکەوتەوە، ئەنجام نادات، بەڵام دوای ئەوکاتە دەستی بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی هۆزەکان کردەوە (**میرکوهی، ١٣٨٣، ١٤٤**). بە کشانەوەی تەواوی سوپای ڕوسیا بۆ جارێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆشایەکی سیاسی دروست دەبێت و دەسەڵاتی زیاتری بەسەر ناوچە کوردییەکانی باکوری ئێران و ناوچەکانی سەر سنوری تورکیا چەسپاند و هەروەها متمانەی زۆری لەلای هۆزەکانی کورد بە دەستهێناوە(**مەلا سەعید، ٢٠١٦، ١٢٨**).

بەمشێوەیە دوای سەرهەڵدانی شۆرشی بەلشەڤییەکان لە ڕوسیا و پاشەکشەی هێزەکانیان لە ناوچەکە (سمکۆ) بە تەواوی کوردەکانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیی و لە ناوچەی چهریق بە دانانی نەخشەیەکی گەورە لە هەوڵی زاڵبونی دابو بەسەر تەواوی ناوچەی ورمێ و ڕۆژهەڵاتی کوردستان (**تمدن، ١٣٥٠، ٣٣٤**). بۆ ئەمەش سەرجەم هۆزو تایفەو سەرکردەکانی لەوانە: (هۆزەکەی عمر خان، سەرۆکی ممدی، محمد ئاغ، عبدی ئاغا، تایفەی ئەتمانی)، لەژێر فەرمانی (سمکۆ)دا کۆبونەوە، هەرچەندە سەرژمێریەکی تەواو لەبەر دەستدا نییە، بەڵام هێزەکەی بە نزیکەی هەزارو پێنجسەد سوارەو پیادە مەزەندەکراوە(**میرکوهی، ١٣٨٣، ١٤٤**).

ئەوەی جێگای باسە هەر لە سەروبەندی جوڵانەوە و کردەوە سەربازییەکانی دا (سمکۆ) چالاکیەکانی هەر دژی سیاسەتەکانی تورک و ڕوسیا و ئێران نەبو، بەڵکو کەوتە ململانێ و ناکۆکی لەگەڵ (بنیامین مارشەمعون)ی ٢١یەکەمین ڕابەری ئاسورییەکانیش.

شایانی ئاماژە بۆ کردنە دیارترین ڕوداو لە ژیانی سیاسی (سمکۆ) کوشتنی (مارشەمعون)ە، ئەو کارەی لە کۆتاییەکانی جەنگی جیهانی یەکەم ئەنجامدا، هەر لەبەرئەوەش زۆرترین قسەو باسی لەلایەن نوسەران، مێژونوسان و توێژەران لە سەرچاوەکاندا لە بارەوە کراوە.

ئاسورییەکان کە لە کۆتایی مانگی شوباتی ساڵی ١٩١٥هاوکات لەگەڵ هاتنی سوپای ڕوسیاو سەرکەوتنیان بەسەر عوسمانیەکان و داگیرکردنی شاری ورمێ، نزیکەی ٤٠ هەزار کەسیان لە ناوچەی هەکاری کە بە

جلیوەکان ناسراو بون، هاتنە خاکی ئێران و لەئازەربایجان و سەڵماس و ورمێ و؛ (**نظمی، ١٣٨٣، ٨؛ ژان پیر، ١٣٧٧، ٦٠**) چەند گوند و شارێکی ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستان نیشتەجێبون و لەم ناوچانە ڕوسەکان پشتیوانی تەواویان لێدەکردن و بە ئارامی و پارێزراوی ژیانیان بەسەردەبرد (**نجم، ٢٠١٨، ٨٢**). ئەمەش لەدوای ئەوەی کە لەلایەن عوسمانییەکان هاوشێوەی ئەرمەنەکان لەکاتی جەنگدا ڕوبەڕوی کوشتارو ڕەشەکوژی بونەوە، چونکە پێش هاتنیان بۆ ئێران لە دەوروبەری گۆلی وانی تورکیا دەژیان (**زنگنە، ٢٥٣٥، ١٤**).

ئاسورییەکان جەنگاوەری لێهاتوبون ئەمەش لەکاتی هاتنیان لەناوچەی هەکارییەوە بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان دەرکەوت و بە درێژایی ڕێگاکە لە جەنگدا بون و پێویستییەکانی خۆیان لە ڕێگەی تالانکردن بەدەستهێناوە، ئەوەی هاندەریش بو کە سلْنەکەنەوە، پشتگیری ڕوسیاو ولاتانی ئەوروپی بو، ئەو پشتگیریە بوە فاکتەرێک کە لە قۆناغەکانی دیکە بیرۆکەی دەوڵەتی نەتەوەیی و سەربەخۆیان لە ناوچەی ورمێ و سەڵماس بۆ دروست بێت، کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کورد بوە (**عەلی، ٢٠٠٩، ٢١٣**).

دوای گەیشتنیان بەناوچەی ڕۆژئاوای ورمێ لە ئێران ناوچە کوردستانییەکان کوشتارێکی گەورەیان ئەنجامدا کە دەچوە چوارچێوەی پاکتاوی ڕەگەزییەوە بە هەزاران کوردیان کوشت و خانوەکانیان سوتاندن، وێڕای ئەوەی چالاکی سیاسی ئاسوریەکان لەم قۆناغەدا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئاسوری کە وەک نەخشەی دایان نابو لە لیوای ئەسکەندەرۆنە بۆ سەر دەریای فارس کە بە تەواوی خاکی کوردستانیان خستبوە سەر، لەو ڕوەوە بۆ یەکخستنی ئاسورییەکانی هەکاری و ورمێ لە تەقەلادا بون(**کەمالی،٢٠١٢، ٨٩**). هەربۆیە بەپێدانی بەڵێن لەلایەن ڕوسیاو بەریتانیا بە دروستکردنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی(**نجم، ٢٠١٨، ١٢**). (بنیامین مارشەمعون)ی ڕابەری ئاسورییەکان بنکەی سەرەکی خۆی لە شارۆچکەی (خسروئاوا) لە نزیک سەڵماس دانا (**نجم، ٢٠١٨، ٨٥**). ئەوەی لە سەرچاوەکان دەردەکەوێت بەریتانییەکان هەوڵیانداوە سوپایەک لە مەسیحیەکان پێکبێنن، هەر بۆ ئەم مەبەستەش (سەرگورد گراسی) کە پێشتر پەیوەندی لەگەڵ سمکۆ هەبوە، هاتبوە ورمێ، تا دوبارە ئاسوریی و ئەرمەنەکان لە بەرامبەر عوسمانیەکان یەکبگرن، تەنانەت پرۆژەی یەکگرتنی سمکۆ و ئاسورییەکان لەگەڵ نیکتین کونسوڵی ڕوسەکان لە ورمێ هێنابوە بەرباس و جێگای ڕەزامەندی (نیکتین)یش بو، هەر بۆ ئەم مەبەستەش بە ئامادەبونی سەرۆکی، ئاسوری وئەرمەنەکان لە ورمێ، (سەرگورد گراسی) بەپێی فەرمانی هێزەکانی بەریتانیا (ژەنراڵ شور) بەناوی دەوڵەتی بەریتانیا قسەی کردوەو هانی مەسیحیەکانی داوە بە پێکهێنانی یەکەیەکی نیزامی، کە پەیوەست بێت بە (بەریتانیاو ئەمریکاو فەرانسا)و ئاسورییەکانیش لەسەر بنەمای بەڵێنی بەریتانیا بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئاسوری قەبوڵیانکرد کە یەکەیەکی نیزامی لە ڕۆژئاوایی ئازەربایجان پێکبێنن (**دیلمقانی، ١٣٨٥، ٨٨**). هەروەها ئامانجی مارشەمعونیش سودوەرگرتن بو لەم بارودۆخەی کە لەڕێگەی سیاسەتی هاوپەیمانان هاتبوە ئاراوە کە تێدا بڕیار لە پێکهێنانی سوپایەک لە مەسیحییەکان درابو، تا بۆی بکرێت لانی کەم ئەو ناوچانە لە موسڵمانان پاک بکاتەوە و بناغەی ئەو حکومەتەی کە لەخەیاڵی دابو بەهێزبکات (**زنگنە، ٢٥٣٥، ١٤**). دیارە ناوچە شاخاوییەکانی ڕۆژئاوایی شاری سەڵماس و ورمێ شوێنی نیشتەجێبونی کۆنفدراسیۆنی هۆزی شکاک بو کە

(سمكۆ) ڕابەرایەتی دەكرد(**نجم، ٢٠١٨، ١٩٩**). واتە لەو ناوچەیەی كە هەر لە زووەوە لە ژێر ڕكێفی كۆنفدراسیۆنی شكاك دابو ئەوەش نیگەرانی بۆ شكاكەكان دروستكرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئاسورییەكان لەڕوی چەک و ژمارەی چەكدارو خۆڕێكخستنی سەربازییەوە لەچاو هۆزی شكاک و خەڵكی ناوچەكە پۆشتە و پەرداختربون، لەم سۆنگەوە مەترسی ئەوەیان هەبو، ئەو باڵادەستیەیان لەڕوی هێز و چەكەوە سەربكێشێ بۆ باڵادەستی و خۆسەپاندنی سیاسیش(**نجم، ٢٠١٨، ٨٥**). بەتایبەت كە ڕوسەكان یارمەتییەكی زۆری ئاسورییەكانیان لە پێدانی چەک و جبەخانەو ڕێكخستنیان لەچوارچێوەی سێ بەتالیۆنی سەربازیدا دابو و هەروەها دوای ڕوسەكانیش بەریتانییەكان هاوكاریان بون(**عەلی، ٢٠٠٩، ٢١٨**).

شایانی ئاماژەبۆكردنە سەرەڕای ئەوەی ئاسوریەكان ببونە جێگای نیگەرانی بۆ شكاكەكان، لەگەڵ ئەوەشدا مارشەمعون داوای گفتوگۆ و ڕێكەوتنی لەگەڵ (سمكۆ) كرد، بەڵام ناوبراو ئەو پێشنیارەی ڕەتكردەوە، ئەمەش بۆ چەند هۆكارێک گەڕاوەتەوە لەوانە: لەلایەک وەک مەترسییەک بۆ سەر دەسەڵاتەكەی دەبینی، لەلایەكی دیكەشەوە بەهۆی هاوپەیمانی لەگەڵ هۆزەكان بەتایبەت هۆزی كەلهور، كە ڕازی نەبو بەگفتوگۆ لەگەڵ ئاسورییەكان، چونكە لەكاتی هاتنی ئاسورییەكان زۆرجار ئەو هۆزە ڕوبەڕوی پەلاماردانی ئاسورییەكان ببونەوە (**عەلی، ٢٠٠٩، ٢١٣**)، بەڵام بەهۆی ئەو گۆڕانكاریانەی لە ناوخۆی ڕوسیادا ڕویانداو كە كشانەوەی هێزەكانیان لە ئێران لێكەوتەوە و هەروەها هەمو ناوچەكانی (ورمێ و سەڵماس و قەفقاس)یان بەجێهێشت، ئاسوریەكان بەبێ پشتیوان مانەوە (**نجم، ٢٠١٨، ٨٤**)، بەمەش تاڕادەیەک لە دروستبونی دەوڵەتی نەتەوەیی بێهیوابون، كەچی كاتێک بەریتانییەكان سودیان لەم دەرفەتە وەرگرت و لێیان نزیكبونەوە، تا هاوشێوەی ڕوسەكان بەكاریان بێنن بۆ ئامانجە سیاسیەكانی خۆیان، جارێكی دیكە هیوایەک لای ئاسورییەكان سەریهەڵدایەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتیكی سەربەخۆ(**عەلی، ٢٠٠٩، ٢١٣**).

لەڕاستیدا دەستوەردانی بەریتانیا لە پرسی ئاسورییەكان، مەترسی دروستبونی دەوڵەتی نەتەوەیی ئاسوری لە ناوچە كوردنشینەكانی ورمێ و سەڵماس زیاتر كرد (**عەلی، ٢٠٠٩، ٢١٩**). لەو كاتەشدا كە (سمكۆ) بارودۆخی ئاسورییەكان بەو شێوەیە دەبینێت، كە وڵاتانی ڕۆژئاوا پاڵپشتیان دەكەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک، بیری لەپلانێک كردەوە، كە تەنیا لای (عەلی ئاغا)ی برای شەوێک پێش ئەوەی داوای گفتوگۆ لە مارشەمعون بكات باسی كردوە، كە هەوڵی لەناوبردنی سەرۆكی ئاسورییەكانە، بۆیە ئاگاداریشی كردۆتەوە كە پێویستە ئەو نهێنیە لە نێوان خۆیاندا بمێنێتەوە (**دیلمقانی، ١٣٨٥، ١٣٢**).

بەم شێوەیە دوای ئەوەی لە ١٦ی ئازاری ساڵی ١٩١٨ پەیامێكی ئاراستەی مارشەمعون كردوە كە لە كۆنەشار[١٢]یەكترببینن و گفتوگۆ بكەن(**میركوهی، ١٣٨٣، ١٥٣**)، ئەحمەد زەنگەنە[١٣] پێیوایە: مارشەمعون داوای گفتوگۆی لە (سمكۆ) كردوە بە مەبەستی جێبەجێكردنی پلانەكانی خۆی وبیری لە فریودانی (سمكۆ) كردۆتەوە (**زنگنە، ٢٥٣٥،١٥**). وەک دەردەكەوێت، بەشێک لە ئاسورییەكان دژی چونی مارشەمعون بون، و پێیان وابو ئەگەر (سمكۆ) قسەی لەسەر یەكگرتویی نێوان هەردولایەن كردوە پێویستە ئەو بێت بۆ لای مارشمعون. هەرچۆنێک

بێت (مارشەمعون) دواجار بڕیاریدا بۆ دیدەنی (سمكۆ) بچێتە (كۆنەشار)، بۆ پاراستنی گیانیشی (٩٢) لە سەربازەكانی و پێنج ئەفسەری ڕوسی كە یەكێكیان سەرهەنگ (مكداول) بو هاوڕێیەتیان كردوە، دوای گەیشتنی لە كۆنە شار لە باخچەی حاجی غفور (كە گەورەی كۆنەشار بوە) كۆدەبنەوە. كاتێك مارشەمعون گەیشتۆتە باخچەكە سەیریكی هێزەكانی (سمكۆ)ی كردوە كە دو ڕیز ڕاوەستاون، ڕیزی یەكەم بە چەكی ڕوسەكان و ڕیزی دوەم بە چەكی عوسمانیەكان، بۆیە ناوبراو بەتەنزەوە وتویەتی: "ڕێكخستنی هێزەكانتان بەو شێوەیە جێگای خۆشحاڵیمانە" (**دیلمقانی، ١٣٨٥، ١٣٢، ١٣٣**).

وەک ئاماژەی بۆ كراوە شوێنی كۆبونەوەكە ژمارەیەكی زۆری لە چەكدارانی شكاك لێبوە، (سمكۆ) بەوەرگێرەكەی مارشمعون كە ناوی (شموئیل) بوە وتوە: "بە مارشمعون بڵێ زمانی كوردی باش دەزانێت وەرگێری بۆ چییە؟" مارشمعونیش لە وەڵامدا وتویەتی: "بەڵێ ئاغا ڕاستە، بەڵام كە لە قوچان هاتومەتەدەر كوردیەكەم باش نەماوە". بەم شێوەیەو لە بەردەوامی گفتوگۆكانیان مارشەمعون بە (سمكۆ)ی وتوە: "ئەو سەر زەویەی كە ئێمە لە سەری دەژین سەرزەوی هەمومانە، ئێمە هەر لە سەردەمی شا عەباسەوە بونمان لەم ناوچەیە هەبوە، بۆیە پێویستە لە ئازەربایجان جێگایەک بۆ ئاسورییەكان هەبێت لە پێناو سەربەخۆیی" (**دیلمقانی، ١٣٨٥، ١٣٣**)، هەروەها پێشنارێكی خستۆتە بەردەم (سمكۆ) و پێیوتوە ئەگەر هاوكاری ئێمە بیت ئەوا پلەو پۆست پێدەدەین، (سمكۆ) لەو قسانە زۆر نارەحەت بوە، تەنانەت هەر لەوێ بڕیار دەدات كۆتایی بە مارشمعون بێنێت، بەڵام پیاوەكانی مارشمعون لەبەر دەرگا وەستابون بۆیە لە بڕیارەكەی پاشگەزبۆتەوە، چونكە ترساوە خۆشی تێدا بچێت(**میركوهی، ١٣٨٣، ١٥٣**)، شایانی ئاماژەبۆكردنە بۆچونێكی دیكە لەسەر گفتوگۆكەی نێوان (سمكۆ) و مارشەمعون كە بەشێك لە سەرچاوەكان ئاماژەیان بۆ كردوە هەیە، كە زانیارییەكانیان جیاوازە لەمەی پێشوتر، كە تێداهاتوە، مارشەمعون بە (سمكۆ)ی وتوە: "ئەم خاكەی كە ئەمڕۆ ئازەربایجان و كوردستانی پێدەڵێن لە سەرەتاوە شوێنی باب و باپیری من و تۆ بوە با ئەمڕۆش كێشەی جیاوازی ئایین بخەینە لاوە و هەردوكمان بە یەكەوە لەم سەر زەمینە بژین( **كسروی،٢٥٣٧،جلد٢، ٧٢٧**).

هەرچۆنێك بێت دوای ئەوەی گفتوگۆكانیان تەواودەبێت و پاش چونەدەری مارشەمعون و نزیكبونەوەی لە گالیسكەكەی لەلایەن (سمكۆ)وە تەقەی لێدەكرێت و( **زنگنه، ٢٥٣٥، ١٦**) مارشەمعون دەكەوێت بەڵام هێشتا لە ژیاندا دەمێنێت كە عەلی ئاغای برای (سمكۆ) دەچێتە سەری و گولەیەكی دیكەی لێدەدات و مارشەمعون دەكوژرێت و ژمارەیەكی زۆریش لە ئاسورییەكان كە لەگەڵ ناوبراوبون كوژراون، بەمشێوەیە مارشەمعون لە ٢٨ی مارسی ١٩١٨ دەكوژرێت(**صالح، ١٩٩٢، ٣٠٨؛ شكاك، ٢٠٢٠، ١٩٨**).

ئەوەی شایانی ئاماژە پێدانە ئەو كارەی (سمكۆ) بوە قوڵبونەوەی كێشەو ململانێ لە نێوان كورد و ئاسورییەكان. بەجۆرێک هەر لە دوای بڵاوبونەوەی هەواڵی كوشتنی مارشمعون بارودۆخی ناوچەكە بەتەواوی شێواو و شەڕێكی نێوخۆی ڕاستەقینە سەریهەڵدا(**ژان پیر، ١٣٧٧، ٦٠**)، لەلایەن ئاسورییەكانەوە دەستكرا بەكوشت و كوشتار لەنێو كوردەكان و بەتەواوی گەمارۆی كۆنەشار دراو خەڵكی بێ تاوان زۆر كوژراون و دەست

بەسەر سەروەت و سامانەکانیاندا گیرا (**خویی**، ١٣٨٥، ١٨). ئاسورییەکان دەستەدەستە دەرژانە ناو شارو لە گوندەکان و دەوربەری شارەکان کوشت و کوشتاریان دەستپێکردبو، هەر کوردێک یان موسڵمانێکیان بینیبایە بێسڵەمینەوە دەیانکوشت بەڕادەیەک خەڵک توشی شڵەژان و ترس ببون لەنێو ماڵەکانیاندا لەناو (زێراب و بیر) خۆیان دەشاردەوە(**صالح**، ١٩٩٢، ٣١٠، ٣١١).

هەروەها ئاسورییەکان هەر بەمەش نەوەستان بەبەردەوامی هێرشیان کردبوە سەر ناوچەکانی ورمێ و سەڵماس و پاش ئەنجامدانی کوشتن و تاڵانکاری لەم شارانەوە و هەروەها ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی (سمکۆ)دا بون، دەیانخستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و دەستیان دایە تاڵانکردنی ماڵ و سامانی کوردەکان و بە دوای (سمکۆ)دا دەگەڕان بیکوژن، هەر بۆ ئەم مەبەستەش بەرەو قەڵای چەهریق ناوەندی حوکمڕانی (سمکۆ) کەوتنەڕێ (**کسروی**، ٢٥٣٧، **جلد٢**، ٧٢٩-٧٣١؛ **هەورامی**،٢٠٠٦، ٩٠).

بەم شێوەیە دوای هێرشکاری ئاسورییەکان کە بەرەو ناوەندی حکومڕانییەکەی (سمکۆ) واتە قەڵای چهریق ئەنجامیان دابو و هەروەها (سمکۆ)ش بە خەیاڵی ئەوەی کە ناوچەکەی ناوچەیەکی سەخت و بەردەڵانی و کوێستانییە و ئاسورییەکان دوای ماوەیەک لە هێرشکاری ناچاردەبن ئەو ناوچەیە جێبێڵن، هاوشێوەی دانیشتوانی شار لێکدانەوەی بۆ ئەو هێزە بەهێزەی ئاسورییەکان نەکردبو تا ئەوەی بە تۆپ و چەکی ڕوسیا ئاسورییەکانی لە نزیکی ناوەندی حکومرانییەکەی بینی، دەرئەنجام لەدوای ڕوبەڕوبونەوەیەکی شەش کاتژمێری (**توفیق**، ١٣٩٣، ٣٩، ٤٠)، لە نێوان ئاسوری وهێزەکانی (سمکۆ)دا ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان لە چهریق کوژران، و کچی برای (سمکۆ)ش بەدیل گیرا، بۆ خۆشی لەگەڵ چەند کەسێک بەرەو شاری خوی پاشەکشەی کرد (**دیلمقانی**، ١٣٨٥، ١٥٣)، لەوێشەوە تەنیا بەهەڵاتن بەرەو تورکیا توانی گیانی خۆی ڕزگاربکات و ئاسورییەکان دەستیان بەسەر ماڵ و سامان و ئەرشیفە تایبەتیەکەی (سمکۆ) داگرتبو(**عەلی**، ٢٠٠٩، ٢٢٠) دوری خانم)ی دایکی(سمکۆ) لەدوای بەدیل گرتنی هەرقاچێکی بەئەسپێکەوە دەبەستنەوەو دەیکوژن (**شکاک**، ٢٠١٤، ١٨٤).

بەم شێوەیە ئاسورییەکان لەهیچ جۆرە تاوانێک خۆیان نەدەپاراست، تەنانەت لەماوەی سێ ڕۆژ لە دوای کوشتنی مارشمعون نزیکەی ٤٥٠ کەسیان لە ژن و منداڵ و پیر کوشتبو (**شکاک**، ٢٠١٤، ١٨٤) تەنانەت لەڕۆژی ئاهەنگگێرانی گرتنی چهریق بەهۆی خۆشحاڵ بونی مەسیحییەکان و تەقاندنی گولەی تفەنگەکانیان هەر لەو ڕۆژە ٤٠ کەسی بێتاوان دەکوژرێت (**دیلمقانی**، ١٣٨٥، ١٥٣).

دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە بدرێت دەرئەنجامی ئەو شەڕو ململانێی نێوان ئاسوری و کوردەکان جگە لە زیانگەیاندن بە پەیوەندی نێوان ئاسوری و کوردەکان و سودگەیاندن و بەهێزبونی دوژمنی هاوبەشی هەردولایەن کە ئێران بو، هیچ ئاکامێکی بۆ کورد و ئاسورییەکانیش نەبو، چونکە ئەم کردەوەی (سمکۆ) کە هەرچەندە لە پیناو بەرژەوەندی گشتی و تایبەتی خۆی بو و دەیەویست ڕکابەرێکی بەهێز لەسەر شانۆی سیاسی ناوچەکە بسڕێتەوە، بەڵام ئەگەر لە دیدگایەکی بەرفراوانتر لێیبڕوانین ئەم کردەوەی (سمکۆ) گەورەترین زیانی بە (سمکۆ) و بزوتنەوەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیاند، بە جۆریک کە (سمکۆ) وەک کەسێکی ئاینی توندڕەو

دژ بە ئاسورییەکان دادەنرا. لەگەڵ ئەوەی کە (سمکۆ) لە دواتردا چەندین جار دانی بە هەڵەی خۆی داناوەو وتبوی: کە کوشتنی مارشەمعون و ئەو شەڕەی لەگەڵ ئاسورییەکان ئەنجامما گەورەترین هەڵە بو، تا لە ژیانیش دابو هەر خەفەتی بەو کارە ناڕەوایەی خواردوە **(هاوار، ٢٠٠٥، ٦٧٥)**. هەروەها لەچەندین گفتوگۆ لەگەڵ کەسایەتییە ڕۆژئاواییەکان و تەنانەت مەسیحیەکانیش هەوڵیداوە کە پەشیمانی خۆی دەرببڕی و پێشانی بدات کە لەژێر فشاری دەوڵەتی ئێراندا ئەو کارەی ئەنجام داوە، بۆ نمونە ساڵێک دوای کوشتنی مارشەمعون لە وەڵامی نامەیەک کە بۆ کەسایەتییەکی کلدانی لە خسروئاباد بەناوی جین جۆما(Jean Djoumma) کە لە (٢٠ی ئازاری ١٩٢٠) نوسیویەتی: "باوەڕبکەن من بێگوناهم. ئێوە دەزانن کە ئێمە لە باو و باپیرانمانەوە لە ئێرانییەکان بێزارین و دان بەوە دادەنێم، کە فریوم خواردوە. هەرکاتێکیش کە هاتیە لام بەجەنابتی نیشان دەدەم کە من تاوانبار نیم.... ئیمزا: سەرۆکی هۆزەکان: ئیسماعیل ئاغای شکاک) **(خسروزاده، ١٣٩٨، ١٧٥)**.

لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بەگفتوگۆیەکی نێوان مستەفا پاشا یامولکی[١٤] و (سمکۆ)ش بدرێت لە وەڵامی پرسیارێکی یامولکی کە لێیدەپرسێت، بۆچی مارشەمعونت کوشت، کە ئاشتی دەویست و دۆستی کورد بو؟ (سمکۆ) لە وەڵامدا دەڵێ: ئەو هەمو چەک و تفەنگ و جبەخانەی لەدوای ڕۆیشتنی ڕوسەکان لە ئێران هەموی بۆ ئاسورییەکان مایەوە. بە هۆی لاوازی دەسەڵاتی ئێران ئاسورییەکان ویستیان سود لەو دەرفەتە وەربگرن و ئازەربایجان کە ناوچەیەکی گرنگی نێوان ئەرمەن و تورک و فارسە بیگرن و هەروەها لە دوای سەرکەوتنیان بەسەر فارسەکان بانگەوازی سەربەخۆیان بڵاوکردەوە و داوای هاوکاریان کرد، هەرچەندە منیش بەڵێنی هاوکاریم پێدان، بەڵام ئێرانییەکان بەمەیان زانی و هاتن داوایان لێکردم کە پشتی ئاسورییەکان نەگرم و لەبەرامبەردا، بەڵێنی پاداشت و چاکە دانەوەیان پێدام. هەروەها دەمزانی ئاسورییەکان نیازیان وابو کوردستان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان بۆیە کوشتم، کەچی ئێرانیەکانیش لەبەڵێنی خۆیان پەشیمان بونەوە**(هاوار، ٢٠٠٥،٣٥٦)**.

هەرچەندە لە ناوەڕۆکدا کە دێینە سەر باسی کوشتنی مارشەمعون لەلایەن (سمکۆ)وە و بەهەڵەیەکی گەورەی ناوبراو دانراوە، بەجۆرێک کە کاریگەری کردۆتە سەر داهاتوی خۆی و بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێک بکرێت، کە بێگومان (سمکۆ) لەوکاتەدا لەبارودۆخێکی دەرونی دژوار دابوە، ئەمەش بەهۆی بونی پاڵپشتیەکی بەهێزی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بەتایبەت لەڕوی دەمارگیری ئاینییەوە، کە بەرامبەر بە ئاسورییەکان هەیانبوە. بەگوێرەی خوێندنەوە بۆ سەرچاوە مێژوییەکان مارشەمعون بەجۆریک هەوڵی خۆسەپاندنی داوە کە ئەمەش لەلایەن (سمکۆ)وە جێگای قەبوڵ نەبوە. "چونکە خودی (سمکۆ) مرۆڤێکی توانا ویست بوەو قەت ئامادەنەبوە، دەسەڵاتی کوردستان لەنێوان خۆی و مارشمعون دابەشبکا" **(مدنی، ١٣٨٠، ب٢، ٧٧)**، بەڵام مارشەمعون لەکاتی گفتوگۆکانیدا بەبەردەوامی باسی لەوە کردوە، کە ئەو سەر زەوییەی کورد و ئاسوری لێ دەژی بەشێکە لەزەوی ئاسورییەکان و، مێژوی حوکمی ئاسورییەکان دورودرێژە. ئەوەش جۆرێک لە نیشاندانی باڵادەستی ئاسورییەکان بوە بەرامبەر بە (سمکۆ). لەگەڵ ئەوەشدا (سمکۆ) ئەو کەسایەتیە ئاینییە توندڕەوە نەبوە کە لە دوای کوشتنی مارشەمعون، بە هۆی هاوپەیوەندی

مەزهەبی کە لە نێوان بەریتانییەکان و ئاسورییەکان هەبوە، بەریتانییەکان بەردەوام ڕقیان لە (سمکۆ) بۆتەوەو وەک بکوژی کریستیانیەکان ناویان هێناوە. بۆ دەرخەری ئەو ڕاستیەش کە (سمکۆ) ئەوەندە کەسایەتییەکی ئاینی توندڕەو نەبوە وەک ئەوەی باسی کراوە. هەروەک لەبەڵگەنامەیەکی ئەرشیڤی خودی کریستیانەکان لە گۆڤاریکی (کڵێسای پریسبیێریانی ئەمریکی) لە ساڵی ١٩١٨ کە دوا ساڵی جەنگی جیهانی یەکەمە لە ژێر ناوی (کاری ژنان) بڵاوکراوەتەوە، باس لە هاوکاری (سمکۆ) دەکا بەرامبەر بەکریستانیەکان و باس لەوە دەکرێت، کە زۆر کەس و لایەن لە دەرەوەو ناوەوە هەوڵیانداوە (سمکۆ) وەک کەسێکی ئاینی و دەمارگیری توندڕەو دژ بە کریستیانەکان پیشان بدەن، بەڵام ئەوە ڕاستیەکی مێژویی نییە(**سەردەشتی**،٢٠٢٠، ب٤، ٥١٧-٥٢٠).

## ئەنجام:

١. سمکۆ لە نێوان هەردو بیری خێڵەکی و نەتەوەیی، جوڵانەوەکەی دەستی پێکرد و مۆرکی هەریەک لەم دو بیرە بەڕونی ڕەنگدانەوەی بەسەر جوڵانەوەکەی هەبوە، بۆیە لە زۆر هەڵوێست وەک کەسایەتییەکی خێڵەکی دەرکەوتوە، کەچی لە هەندێ هەڵوێستی دیکە وەک سەرکردەیەکی نەتەوەیی کارەکانی ئەنجام داوە.

٢- جگە لە ناسراوی سمکۆ و مێژوی نێوبانگی بنەماڵەکەی، ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی کاریگەریی گەورەیان لەسەر پێگەو بەهێزبون و پەرەسەندن و فراوانبونی دەسەڵاتی لۆکاڵی سمکۆ هەبو، نمونەی دیاری ئەم ئاڵوگۆڕانەش ڕوداوەکانی پێش جەنگی جیهانی یەکەم و دوایی جەنگەکە بون.

٣- سمکۆ بە هۆی تایبەتمەندی هۆزایەتی و بارودۆخی دەرونی ناوبراو؛ نەبونی ئایدۆلۆژیەکی ڕون و نەبونی مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ پێشهات و گۆڕانکارییەکان لەم ماوە مێژووییەدا، نەیتوانیوە ڕۆڵی سیاسی و سەربازی خۆی بەتەواوی بەرجەستە بکات، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر جوڵانەوەکەی ناوبراو هەبوە.

# Simko's Political and Military Movements from the Beginning Till the end of World War 1 (1909-1918)

**Kwestan Ahmad Khdir**
Department of History, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** kwestan.ahmad@koyauniversity.org

**Hewa Hamed Shareef**
Department of History, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Hewa.hamedshareef@koyauniversity.org

## Abstract:

This research is an attempt to concentrate on the Simko's political and military movements from his initial revealing as a regional leader until the end of the First World War (1918). Simko, the son of Ali Agha, was an indigenous people belonging to the Ps Agha tribes from Abdo Congregation in the Shkak Tribe. After his father was died, he officially has been elected as the leader of Shkak tribes in 1909 due to a having a predominant power of his family and good historical relationship of his ancestors in the region. The aforementioned leader has developed the movement on the basis of the military proficiency and retaliation principle during the preliminary stages and he has been in a continuous conflict with the Iranian authority during that time. Whereas, Iran in general and the Eastern Kurdistan in particular, were passing in the worst and the most deteriorating circumstances due to existence of the western forces in the region and initiating the conditional revolution which had a long and varied history from ideological and political perspective. Moreover, this stage was an important phase for Simko Shkak so as to reveal him and his followers as outstanding revolutionary forces in the region as he could understand from his militants, mitigated the congregational ideology and increased his requirements. Undoubtedly, his authority (Simko Shkak's Power) has been gradually empowered due to having a cluster of expectation and variation in the initial stages of the movement; however, he had no clear situation and perspective for the Ottoman Empire and the Russian forces during the different stages of the war in the region. According to the historical documents despite of starting as an oppositional forces to the Iranian, Russian and Ottoman Empire, Simko has also faced to conflict with Benjamin Marshamoon, who was an Assyrian leader from Hakary region in 1915 who has been supported by the Russian forces and settled under the Simko's authoritative districts in the East of Kurdistan. This situation has increased the disagreements of Simko's forces and had bad consequences on the unity of the Kurdish forces at that time and resulted in the killing of the Benjamin Marshamoon by Simko, and this was led to declining the Kurdish revolution in the East and empowered the Iranian governmental systems.

**Keywords:** Movement, Kurdistan, Tribes, Iran, Military and Assyrian.

## پەراوێزەکان:

[1] حوسین قولی خان ناسراو بە نیزام سەڵتەنە (کوڕی شریف خان مافی)یە لە ساڵی ١٨٢٥ لە تاران لەدایکبوە. باوکی سەرۆکی هۆزی مافی لە قەزوین بوە کە لە بنەڕەتدا سەر بە (لۆڕن) بەشیکن لە هۆزی گەورەی(گنجی). بە یەکێک لە کەسایەتیە سیاسیەکان لە سەردەمی دەوڵەتی قاجار دانراوە. لە ساڵی ١٨٧٤ نازناوی (سعد الملک) پێدراوە. ساڵی ١٨٨٨ نازناوی نیزام سەڵتەنەی پێدراوە. هەروەها لە سەردەمی ناسرەدین شای قاجار و موزەفەرەدین شای قاجار زیاتر بەناوبانگ بوە. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٠١ بوە بە یاریدەدەری جێنشینی حکومەت و حوکمڕانی ئازەربایجانی پێدراوە. لە سەردەمی محمد عەلی شای قاجار، لە لای خەڵک جێگەیەکی دیاری هەبوە وهەر لەو سەردەمەشدا کراوە بە سەرۆک وەزیران و بۆ ماوەی پێنج مانگ دەسەلاتی وەرگرتوە و دواتر بەهۆی خراپبونی بارودۆخی سیاسی ناوخۆی ولات و مردنی کوڕەکەی کە کاریگەری زۆری لەسەر بوە دەستی لەکارکێشاوەتەوە. ساڵی ١٩٠٨ لە تەمەنی ٨٦ ساڵی کۆچی دوایی کردوە. **(عاقلی، ١٣٨٠،جلد ٣: ١٣٣٨-١٣٤٢ ؛ ساکی و دیگران، ١٣٦٢: ٢١٨، ٢١٧)**.

[2] لەگەڵ ئەوەی لەسەردەمی بزاڤی مەشڕوتەخوازیدا توێژی باڵا دەستی کۆمەڵی کوردەواری لە سەرۆک هۆز و پیاوانی ئاینی و دەرەبەگەکان پێکهاتبو، هەر ئەمانیش چالاکیەکانی کوردیان لە ئێراندا ئاڕاستە دەکرد **(عەلی، ٢٠٠٤، ١٨٢، ١٨٣)**، زۆرێک لە هۆزەکان وەک هۆزی گەورەی بەختیاری و کەلهور ڕۆڵی گەورەیان هەبو لە بەشداری کردن لە شۆڕشی مەشروتەخوازیدا**(سەردەشتی، ١٩٩٩، ٢٠،٢١)**. جگەلەوەش بەشێک لەکوردەکانی (خۆی و ماکۆ) هەروەها کوردەکانی (ورمێ و مهابادیش) یارمەتیەکی زۆری شۆڕشیان دا بەجۆرێک کوردەکان بە دامەزراندنی ئەنجومەنەکان لە شارەکانی وەک: (سەقز و مهاباد و سنەو کرماشان) بەشداری ئەم شۆڕشە بون، بۆ نمونە، (ئەنجومەنی شۆڕشی مهاباد) بە سەرۆکایەتی گەورە پیاوی کۆمەلایەتی هەڵکەوتوی کورد (قازی فەتاح)ی شاعیر دامەزرا ( **قاسملو، ١٩٧٣، ٥١)**.

[3] کوردێکی شکاک بو، تایفەکەی دوای پەیمانی گوڵستانی ١٨١٣ لە مەڵبەندی ماکۆ سنوری نێوان ئێران و تورکیا و ڕوسیا نیشتەجێبون (مدنی، ١٣٨٠،ب٢، ١٠٨). ناوبراو بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئازادیخوازەکان، سوپای ماکۆیی ڕێکخست کە هێزێک بو لە کوردە شکاکەکان و جەلالییە سۆرانی و خەڵکی ماکۆ کە لە ٣هەزار جەنگاوەری ئازاو ٥ تۆپ و تۆپچی کارامە پێکهاتبو، ئەم سوپایە چەندجار هێرشی کردە سەر تەورێزو تەنانەت تا نزیک (ئەمیر خیز) کە یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی تەورێز پێشڕەویان کردوە، بەلام بە هۆی بەرەنگاربونەوەی خۆبەخشەکان نەیانتوانیوە بچنە ناو شاری تەورێز.**(کسروی،٢٥٣٧، جلد٢، ٨٠٣)**.

[4] حیدر عمو ئوغلی، حەیدەرخانی ئەفشاری تارویردی(١٨٨٠-١٩٢١) خەڵکی سەلماس لە ئازەربایجانی ئێران. لە هەرەتی لاوێتیدا لە تەک بنەماڵەکەی کۆچ دەکەن بۆ تفلیس لە جۆرجیا، لە بزاڤی مەشروتەدا گەڕایەوە بۆ ئێران و لە ڕەوتی ئەو جولانەوەیە ناوبانگی دەرکردو لە جولانەوەی جەنگەڵ ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیست بو، لە پلانێک بەهۆی جەنگەڵییەکان، کە میرزا کوچەک خان ڕێبەریان بو، کوژرا( **بازیار،٣١،٢٠٢٠)**.

[5] قوتور ناوچەیەکی گرنگی ستراتیژیە بەدرێژایی سنوری ئێران و عوسمانی و ڕوسیا لە ئازەربایجان دادەنرێ، کە لە ڕاستیدا کلیلی ناوچەکە بو.

[6] وەک ئاماژەدان بە ساڵ یاخود ناوەڕۆکی ئەو پەیمانە زانیاری لە سەرچاوەکان لەبەردەست دانییە.

[٧] ساڵی ١٨٦٤ لە خێزانێکی ناوداری کوردی بنەماڵەی بەردخانیەکان هاتۆتە دنیاوە و زمانەکانی ڕۆژهەڵات و ڕوسی و فەرەنسی زانیوە. ساڵی ١٨٩١ کراوە بە سکرتێری باڵیوزخانەی عوسمانی لە ڕوسیا. ناوبراو بەهۆی هەستی کوردپەروەریی لەلایەن عوسمانیەکان دەگیرێت و دوای ئازادبونی لە ساڵی ١٩١٠ ڕوی کردۆتە ڕوسیا و بۆ ماوەی شەش ساڵ لەژێر چاودێری ڕوسەکان ماوەتەوە. هەروەها ماوەیەک لە تفلیس ژیاوەو یەکێک لەو کەسایەتییە کوردپەروەرانە بوە کە هاوکاری سمکۆی کردوە. ناوبراو لە ساڵی ١٩١٨ دوای ئەوەی دەکەوێتە دەست تورکەکان لەسێدارەدەدرێت دەکرێت**(ڕەسول، ٢٠٠٥: ١٦٢)**.

[٨] ناوی یەکێک لە شارەکانی سەر بە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوایە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (فرهنگ جغرافيایی ایران (أبادیها)، استان ٣و ٤ أذربايجان، جلد ٤، چاپخانه ارتش، از انتشارات سازمان جغرافيایی كشور، مهرماه ١٣٣٠، ص ٢٠٠).

[٩] هەرچەندە حکومەتی ئێران لەو کاتەدا بێلایەنی بونی خۆی لە شەڕ ڕاگەیاند، بەڵام ڕێز لە بێلایەنی نەگیرا لەلایەن وڵاتانی بەشداربو لە شەڕ. سوپای ڕوسیا بێلایەنیی ئێران لەم شەڕەدا پێشل دەکاو نەتەنیا خاکی ئەم وڵاتە داگیردەکا، بەڵکو ناوچەکانی باکوری ڕۆژئاوای ئێران دەبێتە گۆرەپانی پێکدادانی ئەو سوپایە لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی**(بازیار، ٢٠٢٠، ٤٤)**، کە هەر لە سەرەتای شەڕەکەدا حکومەتی ئێران جڵەوی کاروباری دو مەڵبەندی ئازەربایجان و کوردستانی لە دەست دابو، ببو بەمەیدانی شەڕی نێوان ڕوسیا و دەوڵەتی عوسمانی. ڕوسیا ناوچەکانی ئازەربایجانی گرتبو و دەوڵەتی عوسمانیش بەمەبەستی بە دەستهێنانەوەی ئەو ناوچانە هەوڵی دەدا، ئەمەش شوێنەوارێکی مەترسیداری لەسەر ئێران بەجێهێشت بەجۆرێک هەرچی تواناو وزەیی دارایی بو لە دەستیدا، بێگومان ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەو ویرانکاریە بێبەش نەبو، بەم شێوەیە نزیکەی چوارساڵ هێزەکانی ڕوسیاو دەوڵەتی عوسمانی و بەریتانیا لە زۆربەی ناوچە کوردستانییەکان شەڕو کاولکاریەکی زۆریان ئەنجام داوە **(مرادو ئەوانی تر، ٢٠١٤: ١٢٠)**.

[١٠] دیارە ئەوکاتە لە دوای هاتنی سەید تەهای نەهری بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەنجامدانی چەندین چالاکی لەگەڵ (سمکۆ) مەترسی لە لای دەسەڵاتدارانی ڕوسیا دروستکردبو هەربۆیە لەگەرمەی جەنگی جیهانی یەکەم هەریەکێک لە (سمکۆ) و سەید تەهای نەهریان بۆ ڕوسیا بە دەستبەسەری دورخستنەوە و دوای ئازادکردنی (سمکۆ) و گەڕانەوەی بۆ ئێران سەید تەهای نەهری لە ژێرچاودێری ڕوسیا لە ئازەربایجان مایەوە، کە دەبێت نیازپاکی خۆی بەرامبەر بە ڕوسیا بسەلمێنێت **(سەعید مەلا،٢٠١٦، ١٢٦)**.

[١١] ئەم شۆڕشە لە ناوخۆی ڕوسیا لە ساڵی ١٩١٧ لەلایەن بەلشەڤیەکانەوە بە سەرکردایەتی ڤلادیمیر لینین دژ بە دەسەڵاتی تێزاری ڕوس ئەنجام درا، شۆڕشێکی سۆسیالیستی بو و بەگەورەترین وەچەرخانی کۆمەڵایەتی لە مێژوی مرۆڤایەتی دادەنرا. هەروەها یەکەمین شۆڕش بو کە گەلانی بندەستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هۆشیار کردەوە کە خەبات دژی ئیمپریالیست و کۆلۆنی بکەن **(بەرزنجی، ٢٠٠٧، ١٠٣، ١٠٤)**.

[١٢] کۆنەشار گوندێکە لە ڕۆژئاوای سەڵماس لە نزیک ئوچ تەپە و فەرسەخیک لە چهریق دورە**( میرکوهی، ١٣٨٣، ١٥٢)**.

[١٣] کوڕی ئەعزەم دەولەی زەنگەنەیە، لە ساڵی ١٩٠٣ز لە کرماشان لە دایکبوە، بەشی ئەفسەری لە زانکۆی ئێران تەواوکردوە و بۆ درێژەدان بە خوێندن لەلایەن وەزارەتی جەنگی ئێران دەنێردریت بۆ فەرەنسا لە پاریس لە زانکۆ بەشی تۆپخانەی تەواوکردوە. دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران لە زانکۆ لە بەشی ئەفسەری مامۆستا بوە. ناوبراو لە سەردەمی بنەماڵەی پەهلەوی یەکەم فەرماندەی لەشکر بوە لە ورمێ و ئەسفەهان و کرماشان. **(عاقلی،١٣٨٠، جلد٢، ٧٦٥)**.

(١٤) مستەفا پاشا یامولکی کوڕی عەبدوالعزیز یامولکی مەلازادەیەکی بیارەیە و ساڵی ١٨٦٦ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لە دایکبوە. ناوبراو کەسێکی سەربازی و ڕۆشنبیر بوە. یامولکی دوای تەواوکردنی خوێندن لەناو سوپادا خزمەتی کردوەو پلەکانی سەربازی بڕیوەو بوە بە ئەفسەری ڕوکن لە وەزارەتی جەنگی عوسمانیداو ساڵێک خزمەتی کردوە. ساڵی ١٨٩٣ بوە بە بەرپرسی قونسوڵی دەوڵەتی عوسمانی لە شاری سەڵماسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ساڵی ١٩٠٤ کراوە بە نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی لە لیژنەی سنوری نێوان ئێران و عوسمانی. لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەم لە ئەستەمبوڵ دانیشتوەو لایەنگری حیزبی (حورییەت و ئیتلاف) بوە. ساڵی ١٩٢٢ گەڕاوەتەوە سلێمانی و وەک وەزیری پەروەردە لە حکومەتەکەی شێخ محمود کاری کردوە و ناوبراو بەڕێوەبەری نوسینی ڕۆژنامەی بانگی کوردستان بوە. چەندین قوتابخانەی کوردی کردۆتەوە (خسروزاده، ١٣٩٨، ٧٦).

## لیستی سەرچاوەکان:


ئەحمەد، قادر فتاح.(٢٠١٠) خوێندن بەزمانی کوردی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، زانکۆی سەلاحەدین.

ئیپیل، مایكل.(٢٠٢٠) نەتەوەیەک بەبێ دەوڵەت (کوردەکان لە سەرهەڵدانی ئیسلامەوە بۆ کازیوەی ناسیۆنالیزم)، و: بادینان محمد، چاپخانەی تاران، سلێمانی: ناوەندی توێژینەوەی جەمیل ڕۆژبەیانی.

بازیار، ئیسمایل(٢٠٢٠) کاریگەری بیری چەپ لە سەر بزاڤی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک نمونە(١٩٤٥–١٩٩١)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

بازیار،سمایل.(١٣٨١) دژایەتی شۆرشی مەشرووتە لە پێناو چی دا؟ گۆڤاری تیشک، ساڵی پێنجەم، ژمارە (١٠).

برونسن، مارتین ڤان.( ٢٠٠٩) ڕاپەرینی کورد بە ڕابەریی سمکۆ، و: شێرکۆ هەژار، بێ شوێنی چاپ.

تۆفیق، جوتیار.(٢٠٠٧) بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەیدا (ئەو گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوانەی کە لە نێوان ساڵانی ١٩٠٨–١٩٨٨ دەرکراون)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین.

ڕۆمانۆ، دیڤید.(٢٠٢٠) بزاڤی ناسیۆنالیستی کورد (دەرفەت، ڕێکخستن، ناسنامە)،و: هۆمەر فەیزی، چاپخانەی تاران، سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی توێژینەوەی جەمیل ڕۆژبەیانی.

سەردەشتی،د. یاسین.(١٩٩٩) گەلی کورد و بزاڤی مەشروتەخوازی لە ئێران ١٩٠٥–١٩١١، چاپخانەی هاوار، سلێمانی.

سەردەشتی،د. یاسین.(٢٠١٩) تەواوی هەواڵەکانی کوردستان و کورد لە بەڵگەنامەو ڕۆژنامە مێژوییە ئینگلیزی و ئەورووپییەکاندا، ب٢.

سەردەشتی،د. یاسین.(٢٠٢٠) تەواوی هەواڵەکانی کوردستان و کورد لە بەڵگەنامەو ڕۆژنامە مێژوییە ئینگلیزی و ئەورووپییەکاندا، ب٤.

سەردەشتی،د. یاسین.(٢٠٢٠) تەواوی هەواڵەکانی کوردستان و کورد لە بەڵگەنامەو ڕۆژنامە مێژوییە ئینگلیزی و ئەورووپییەکاندا، ب٥. سەردەشتی،د. یاسین.(٢٠٢٠) تەواوی هەواڵەکانی کوردستان و کورد لە بەڵگەنامەو ڕۆژنامە مێژوییە ئینگلیزی و ئەوروپییەکاندا، ب٦.

سەعید، ئیسماعیل عەبدولڕەحمان.(٢٠٠٩) ناسیۆنالیزمی ئێرانی ١٩٠٦–١٩٤١ (لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی ــ فکرییە)، زانکۆی سەلاحەدین.

شکاک، عبدالقادر.(٢٠١٣) بارودۆخی سیاسی کوردستان لە نیوان ساڵانی ١٩٠٥–١٩٣٠، چاپخانەی کەمال، سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگێت و دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.

شکاک، عبدالقادر.(٢٠١٤) جوگرافیای میژویی عەشیرەتی شکاک و ڕۆڵی لە بزوتنەوەی کوردایەتیدا، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی: ناوەندی توێژینەوەی جەمیل ڕۆژبەیانی.

شکاک، عبدالقادر.(٢٠٢٠) بە قەندیل داهاتین (کۆمەڵە وتار)، چاپخانەی میدیا، سلێمانی.

صالح، محمد امین.(١٩٩٢) کورد و عەجەم (مێژوی سیاسی کوردەکانی ئێران)، بێ شوین و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە.

عەلی، جەعفەر.(٢٠٠٤) ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی كوردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی: لە بڵاوكراوەكانی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

عەلی، د. عوسمان. (٢٠١٠) چەند لێكۆڵینەوەیەک دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی كورد، و: كامەران بابان زادە، بەرگی دووەم، چاپخانەی دیلان.

عەلی، ئارام. (٢٠٠٩) پرسی ئاشوریی لە كوردستان لە دەوربەری جەنگی جیهانی یەكەم، گۆڤاری كوردۆلۆجی، ژمارە ٢.

قاسملو، د. عبدالرحمن.(١٩٧٣) كورد و كوردستان (لێكۆڵینەوەیەكی سیاسی و ئابوری)، و: عەبدوڵا حەسەن زادە، بێ شوێنی چاپ، لە بڵاوكراوەكانی بنكەی پێشەوا.

كەمالی، فەریدە كوهی.(٢٠١٢) ناسیۆنالیزمی شوانكارەیی، و: د. یاسین سەردەشتی، بێ شوێنی چاپ.

كۆچێرا، كریس.(٢٠٠٣) كورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، و: حەمەكەریم عارف، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

مدنی، حسین.(١٣٨٠) كوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، ب٢، چاپی یەكەم، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

مەلاسەعید، ڕێبین.(٢٠١٦) سەید تەهای نهری(١٨٩٢-١٩٣٩) ڕۆڵی سیاسی و كارگێری، چاپی یەكەم، هەولێر: چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین.

موراد و ئەوانی تر، د. خەلیل عەلی، د. ابراهیم خەلیل ئەحمەد.(٢٠١٤) مێژوی ئێران و توركیا (توێژینەوەیەک لە مێژوی تازەو هەوچەرخ)، و: بەهادین جەلال مستەفا، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ڕۆژهەلات.

نجم، د. خەسرەو عبدالرحیم.(٢٠١٨) دروستكردنی عێراق و كارەساتی ئاشوری ١٩١٤-١٩٣٤ لە بەڵگەنامەكانی ئەرشیفی بەریتانی و ئیتاڵی دا، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

هاوار، محمد ڕسول.(٢٠٠٥) سمكو(اسماعیل ئاغای شكاک) و بزوتنەوەی نەتەوایەتی كورد، چاپخانی شڤان، سلێمانی: لە چاپكراوەكانی بەرێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بلاوكردنەوەی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری.

هەورامی، د. ئەفراسیاو.(٢٠٠٦) كورد لە ئەرشیڤی ڕوسیاو سۆڤیەتدا كۆمەڵە دۆكیومێنتێكی نهێنی لە سەر كیشەی كورد لە ساڵەكانی ١٩١٤-١٩٢٤، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر: دەزگای توێژینەوەو بڵاوكردنەوەی موكریانی.

ابراهامیان، یرواند.(١٣٨٩) تاریخ ایران مدرن، ترجمه. نحمد ابراهیم فتاحی، چاپ چهارم، چاپخانه نشرنی، تهران.

ادمیت، د. فریدون. (١٣٤٠) فكر ازادی مقدمه نهضت مشروطیت، چاپخانه. تابان، انتشارات سخن.

بیگدلی، د. علی. (١٣٧٧) ترورهای سیاسی در تاریخ معاصر ایران، جلد٢، چاپ اول، چاپخانه سروش، تهران: انتشارات صداو سیمای جمهوری اسلامی ایران.

پیردیگار، ژان و دیگران. (١٣٧٨) ایران در قرن بیستم برسی اوضاع سیاسی، اجتماعی، اقتصادی و فرهنگی ایران در یكصدسال اخیر، برگردان/ عبدالرضا مهدوی(هوشنگ)، چاپ دوم، نشر البرز، چاپخانه اسمان، تهران: مؤسسه گسترش فرهنگ و مطالعات.

تمدن، محمد.(١٣٥٠) اوضاع ایران در جنگ او تا تاریخ رضاتیه، تهران: ارومیه مؤسسه مطبوعات تمدن.

توفيق، ڕحمت الله خان.(١٣٩٣) تاريخ معاصر ايران تاريخچه اروميه( ياداشت هايى از سالهاى حنگ اول جهانى و اشوب بعد از ان)، چاپ دوم، تهران: چاپ و انتشارات پرديس دانش.

خسروزاده، سيروان.(١٣٩٨) تاريخ معاصر ايران راه بى سر انجام نگاهى به سرگذشت اسوريان در جنگ جهانى اول، چاپ دوم، تهران: انتشارات شيرازه كتاب ماه.

خوى، ميرزا ابو القاسم امين الشرح.( ١٣٨٥) تاريخ تهاجمات و جنايات ارامنه، اسماعيل سيميقتو و سردار ماكو در اذربايجان. به كوشش، على صدرايى خويى

ديلمقانى، د. توحيد ملک زاده.(١٣٨٥) أذربايجان در جنگ جهانى اول تا فجايع جيلولوق، چاپ سوم، نشر اختر، تبريز: انتشارات هاشمى.

روحانى، بابا مردوخ. (١٣٨٢) تاريخ مشاهير كرد أمراء و خاندانها، به كوشش / محمد ماجد مردوخ ڕوحانى، جلد٣، چاپ دوم، چاپخانه/ سروش، تهران: انتشارات/ صداو سيما.

رومانو، ديويد. (١٣٨٨) چالش هويت جويى كردى و حكومت هايى ايران، ت: منصور ساعى، فصلنامه(روژف)، فصلنامه سياسى و اجتماعى و فرهنگى، سال چهارم، شماره ١١، ١٢، ١٣، تهران.

زنگنه، سرلشكر احمد. (٢٥٣٥): خاطراتى از مأموريت هاى من در أذربايجان( از شهريور ما ١٣٢٠-تا دى ماه ١٣٢٥)، چاپ دوم، چاپخانه افست مروى، انتشارات شرق.

شعبانى، د. ڕضا. (١٣٨٠) مرورى كوتاه بر تاريخ ايران از اغاز عصر مادها تا پايان دوران قاجاريه، چاپ اول، چاپ مهارت، تهران: انتشارات سخن.

عباسى، ڕضوان عارف. (١٣٩٦) ــ نقش انگلس و شوروى و تركيه در ڕوابگ سمكو( سيمقتو) و شيخ محمود ١٩١٨-١٩٣٠) فصلنامه. پژوهشگاه علوم انسانى و مطالعات فرهنگى، پرتال جامع علوم انسانى، شماره ١٨).

كسروى، احمد.(٢٥٣٧) تاريخ هيجده ساله اذربايجان يا سرنوشت گردان و دليران، جلد٢، چاپ نهم، چاپ و صحافى/ چاپخانه سپهر، تهران: مؤسسه انتشارات امير كبير.

الموتى، د. مصطفى.(١٣٧٤) بازيگران سياسى از مشروطيت تا سال ١٣٥٧(شرح حال نايب السلطنه‌ها و ڕوزشمار زندگى نخست وزيران ايران از مشير الدوله تا منصور الملک، جلد١، چاپخانه پكا، لندن.

ميركوهى، ڕحيم نيكبخت(١٣٨٣) سرگذشت خونين من يا سلماس در محاربه عالم سوز، (فصلنامه مطالعات تاريخى ومؤسسه مطالعات وپژوهشهاى سياسى)، سال اول، شماره سوم، چاپ ليلا.

نايب پور، محمد، سيروان خسروزاده.( ١٣٩٤) واكاوى زمينه‌هاو عوامل موثربر اغاز شورش سمكو١٩٠٦-١٩١٨)، فصلنامه پژوهش تاريخى علمى، دانشگاه اصفهان، شماره ٣.

نظمى، تايماز. (١٣٨٣) سه برگ از تاريخ خونين أذربايجان، (ويژه‌نامه)ى اذربايجان و يک قرن جنايات ارامنه، نشريه دانشجويان اذربايجان.

نورى، ابراهيم خواجه. (١٣٥٧) بازيگران عصر طلايى، جلد١، چاپ، چاپخانه محمد حسن علمى، ناشر. سازمان انتشارات جاويدان.